# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پڕۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پڕۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد


2016

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست

وەرگێرانی
موسڵح شێخ السلامی (ڕێبوار)

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێرانی: موسڵح شێخ السلامی (ڕێبوار)
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (102)

**ئەم چاپە کوردییەی مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست، لە وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی (سامۆئیل مۆر) کراوە بە کوردی کە ئەویش خۆی لە دەقی ئەسڵی ئەڵمانی و لە ژێر چاودێری (ئەنگڵس)دا کراوە بە ئینگلیزی.**

## سەرەتا بۆ چاپی دووەم

بە سەرهەڵدانی پیشەسازی لە کوردستان، چینی کرێکار گەلێک پەرەی گرتووە و گەشەی سەندووە، هاوکات گەلێک گیروگرفت لەڕێی خەباتی ئەم چینەدایە دژی سەرمایەداری و چەوسانەوە. بۆیە، پێویستی ڕێکخراوبوون و وشیاری چینایەتی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ پەرە دەستێنێت.

بە هێنانەوەی دوو بڕگە لە دەقی کتێبەکە، ئەم پێویستیە زیاتر دەخەمە بەرچاو:

هەرچەندە، لە وڵاتێکی دیاریکراودا، پیشەسازی گەورە پەرەی گرتبێت، لەنێوکرێکارانی ئەو وڵاتەدا مەیلی ئاگاداربوون لە بارودۆخی خۆیان، وەکو چینی کرێکار بەرامبەر بە چینە سەرمایەداراکان بەهێزتر دەبێ. بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە نێویاندا پەرە دەگرێت و داخوازی بۆ مانیفێستیش زیاد دەکات. بۆیە، لەڕووی ئەوەوە کە چەند کۆپی لە مانیفێست بە زمانی وڵاتێک بڵاو بووەتەوە، دەکرێت بە شێوەیەکی تاڕادەیەک درووست، نەک هەر بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکو پلەی هەڵدانی پیشەسازی گەورەش لەو وڵاتەدا دیاری بکەی.

لە پێشەکی ئەنگڵس بۆ چاپی پۆڵەندی 1892

هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو قەیرانە بازرگانییانە بکەین کە بە سەرهەڵدانی ناوبەناو، یان بەردەوام، هەتادێت پڕمەترسیتر دەبێت و هەڕەشە لە مانی سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەن.

**لە بەشی یەکەم**

سەرهەڵدانی پیشەسازی مۆدێرن و قەیرانی ئابووری، مەسەلەی مان و نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری، بە ڕۆشنی ناوەتە بەرپێی کۆمەڵ. خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرییەکان، بۆ جیهانێکی ئازاد و بەرابەر، پێویستی بە وشیاری کۆمۆنیستییە. جگە لەمەش، مانیفێست وەک لەپێشەکی ساڵی 1890دا هاتووە:

بێگومان، باوترین و نێونەتەوەییترین نوسراوە لە ئەدەبی سۆسیالیستیدا و بەرنامەی هاوبەشی بەملیون کرێکاری هەموو وڵاتانە، لە سیبریاوە تاکو کالیفۆرنیا. هەر بۆیەش، بوونی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا چاوپۆشی هەڵناگرێت و چاپکردنەوەی وەرگێڕاوە کوردییەکەی پێویست بووەتەوە.

سەرەتاکانی مارکس و ئەنگلس، جگە لە گێڕانەوەی مێژووی 40–50 ساڵەی ئەم کتێبە، چەند نموونەیەکی زیندوو لە شێوە بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە هەلومەرجی جۆراوجۆری سیاسی ئەوکات نیشاندەدات کە ئێستاش بەکەڵکن. لە بەشی سێهەمدا باسی زڕە-سۆسیالیسمی جۆربەجۆری ئەو سەردەمە دەکرێت کە دیارە ئێستا نەماون، بەڵام شیوە بۆچوونەکان بەکەڵکن بۆ ناسینی باشتری هەندێک هێزی سیاسی سەردەم کە بە ناوی سۆسیالیزمەوە چەواشەکاری دەکەن.

لەم چاپەدا هەوڵمداوە هەندێک لەو دەقانە لابەرم کە دووپات دەبنەوە و مەبەستێکی نوێی زیاد نەکردووە، بێئەوەی خەسارێک لە مانای کتێبەکە بکەوێت لە کۆپیا دیجیتاڵەکانی مانیفێستدا، ئەو بەشانە هەروەک لینک هاتوون و لە هەندێک چاپی تازەشدا هەر نەهاتوون.

شایانی باسە کە ئەم دەقە لەگەڵ وەرگێڕاوی سویدیش بەراورد کراوە کە دیسان زیاتر جێی متمانە بێت. ئەمە پێداچوونەوەیەکی سەرتاپاییە و زیاتر لە

وەرگێڕانێکی تازە دەچێتە ناو چاوگێڕانەوەیەک بە چاپی یەکەمدا. بەهیوام خوێنەران، ئەو جۆرەی شیاوی مانیفێستە لێی تێبگەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاس و پێزانینم دەربڕم بۆ ئەو بەڕێزانەی بە ڕەخنەگرتن لە چاپی یەکەم، یان بە خوێندنەوەی ئەم دەقە پێش چاپکردن، یارمەتیان داوم کە ئەم کارە پوختە و پاراوتر بێت، لەوانە بەڕێزان (حەسەن عەلیپور، ئیرەج فەرزاد، بەکر ئەحمەد، لاوژە جەواد و ئەحمەد بازگر)، دیارە دیسانیش پێشوازی دەکەم لە ڕخنە و یارمەتی.

موسڵح شێخ السلامی (ڕێبوار)

هاوینی 2014

**سەرەتا بۆ چاپی یەکەم:**

**کرێکارانی تێکۆشەر**

**هاوڕێیانی کۆمۆنیست**

دەمێکە کرێکارانی کوردستان، وەک چینێکی کومەڵایەتی بەهێز، هاتوونە مەیدان. بەوپێیەش، ئاگاداربوونیان لە وەزعی خۆیان وەکو چینی کرێکار بەرامبەر بە چینی سەرمایەدار پێویستیەکی نەک هەر مەعنەوی، بەڵکو زانستیشە. مانیفێست، وەک یەکەمین و گردوکۆترین بەرنامەی نیشاندەری ڕێگای رزگاری کرێکاران و هەموو کۆمەڵگا، خۆی باشترین وەڵامە بەم پێویستیە زاتی و مەعنەوییەی چینی کرێکار. هەربۆیەش دەمێک بوو پێویستی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی مانیفێست بە کوردی، دەرکەوتبوو.

مارکس، لە یەکێک لەو پێشەکییانەدا کە بۆ کتێبی کاپیتاڵی نووسیوە/ خۆشحاڵی زۆری خۆی دەردەبڕێت لەوەی کە وەرگێڕاوی کاپیتاڵ، بە زمانی فەرەنسی بە زنجیرە ناملیکەیەک چاپ دەکرێت و بەمجۆرە، کرێکاران ئاسانتر دەستیان پێی دەگات. ئەنگڵس لەو پێشەکییانەدا لەسەر مانیفێستی نوسیووە، گەلێکجار باسیکردووە کە گەیشتنی مانیفێست بە دەست کۆمەڵانی کرێکار چەندە یارمەتی خەبات و تێکۆشانیان دەکات. لەپێناو ئەم مەبەستانەدا، وەرگێڕانی مانیفێست بە کوردی و بە زمانێکی سادە و ڕەوان پێویست بوو تا ماناو ناوەرۆکی ئەم کتێبە بکەوێتە بەردەستی کرێکارانی کوردستان. ساڵی1970 ئەم کتێبە کراوە بە کوردی کە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە بڕوای

من، وەڵامی پێویست بەو مەبەستە نەداتەوە. جگە لەوەش لەم (18) ساڵەدا، زمانی کوردی زیاتر ئەدەبیاتی سوسیالیستی پێ نوسراوە و لەم بابەتەوە پوخت و پاراوتر بووە. لەم وەرگێڕانەدا، تێکۆشاوم. وەفاداربوون بە ئەسڵ و بەکارهێنانی زمانێکی سادەو ڕەوان، یارمەتی خوێنەران بدات کە باشترو ئاسانتر لە مانیفێست تێبگەن. بۆ ئەم کارە ئەساسەن، وەرگێڕاوی ئینگلیزی مانیفێست لەبەرچاو بووە کە ئەنگڵس چاودێری کردووە. وەرگێڕاوی فارسی و عەرەبیش، وەک دوو تەجرەبە یارمەتیداوم.

لەم وەرگێڕانەدا، جگە لە چەند روونکردنەوەیەک کە بە (وەرگێڕی کوردی) لەناو کەوانەدا دیاریکراون. بەشوێن وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەی سامۆئێل مۆر، بڵاوکراوەی (پرۆگرێس)ی مۆسکۆ، چاپی ساڵی 1973دا چووم.

هاوڕێی هێژاو پێشڕەومان جەعفەری شەفیعی، کاتی خۆی پێشوازی کرد و هانیدام کە شان بدەمە ژێر ئەم کارە گەورەیە. هەر بۆیەش، بە شانازییەوە ئەم وەرگێڕاوەم پێشکەش کردووە بە یادی ئازیزی ئەو.

ڕەخنەی دڵسۆزانەی کرێکارانی پێشڕەو، هەروەها شارەزایانی زمانی کوردی و هەر خوێنەرێکی بەدەربەست، بە سوپاسەوە پێیشوازی دەکەم.

وەرگێڕی کوردی

هاوینی 1988

## پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی 1872

یەکێتی کۆمۆنیستەکان، کۆمەڵێکی نێونەتەوەیی کرێکاران بوو کە دیارە، لەبارودۆخی ئەوکاتەدا هەر بەنهێنی دەیتوانی هەبێت، لە کۆنگرەی خۆیدا کە نۆڤەمبری 1847 لە لەندەن گیرا، بە ئێـمە «دوو نەفەر (مارکس و ئەنگڵس)ی» سپارد کە بە وردی، بەرنامەیەکی تیۆریک و پراکتیکیبۆ ئەو حزبە بۆ بڵاوکردنەوە، ئامادە بکەین. بەمجۆرە ئەم مانیفێستە نووسراو چەند حەوتوویەک پێش شۆڕشی شوباتی فەرەنسا، دەستنووسەکەی بۆ چەپڕەوانەی لەندەن کرا. یەکەمین چاپی بە زمانی ئەڵمانی بوو. هەر بەو زمانە لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمەریکا، لانیکەم دوازدە جار بە شێوەی جۆراوجۆر چاپکرایەوە.

یەکەمجار کە ساڵی1850 بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە، لە بڵاوکراوەیRed Republican(جمهوری سوور)دا بوو لە لەندەن، کچێک بە ناوی (هێلێن مەک فارلەین) کردبووی بە ئینگلیزی. پاشانیش ساڵی 1871 لانیکەم سێ جۆر وەرگێڕدراوی ئینگلیزی لە ئەمەریکا بڵاوبووەتەوە. وەرگێڕدراوێکی فەرەنسی، یەکەمجار کەمێک پێش ڕاپەڕینی حوزەیرانی ساڵی 1848 لە پاریس چاپکراو لەم دواییانەشدا، لە گۆڤاری (Le Socialiste) لە نیویۆرک بڵاوکرایەوە. وەرگێڕدراوێکی تازەشی خەریکە ئامادەبێت. وەرگێڕدراوێکی پۆڵەندی، سەرەتا لە ئەڵمانیاو کەمێک دواتریش لە لەندەن بڵاوکرایەوە.

وەرگێڕدراوێکی روسی لە 1860 لە شاری جنێڤ بڵاوکرایەوە. بە زمانی دانیمارکیش، هەر پاش بڵاوبوونەوەی، وەرگێڕدرایەوە.

هەرچەند لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا گەلێک بارودۆخ گۆڕاوە، هێشتا ئەو ئەسڵە گشتییانە کە لەم مانیفێستەدا باسکراون، بەتێکڕایی وەک هەمیشە دروستن. هەندێک شوێن دەستکاری هەڵدەگرێ، بەڵام جێبەجێکردنی کرداری ئەم ئوسوڵە، هەروەک لە خودی مانیفێستیشدا باسکراوە، هەمیشەو لە هەموو شوێنێک بەگوێرەی ئەو بارودۆخە مێژووییە دیاری دەکرێت کە ئەو کاتە لەئارادایە؛ هەربۆیەش، جەختێکی تایبەتی نییە لەسەر ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕیانەی لە کۆتایی بەشی دووەمدا باسکراوە. ئەمڕۆ ئەوبەشە، لە گەلێک بابەتەوە دەبوایا بەجۆرێکیتر بنوسرایە.

ئەگەر گەشەکردنی یەکجار زۆری پیشەسازی مۆدێرن لە ساڵی 1848 بەملاوە و گەشەو هەڵدانی رێکخراوە حزبییەکانی چینی کرێکار کە وێڕای ئەو هەڵدانە پیشەسازییە هاتووەتە پێش، لە بەرچاوبێت و ئەو تەجرەبە پراکتیکییانەی پرۆلیتاریا یەکەم لە شۆڕشی شوباتدا و پاشان لەوەش زیاتر، لە کۆمۆنی پاریسدا (کاتێک کە پرۆلێتاریا بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی سیاسی دوو مانگی تەواوو بە دەستەوە گرت)، دەستەبەری کردووە. ئەم بەرنامەیە، لە هەندێک بابەتەوە کۆن بووە. بە تایبەت، کۆمۆنی پاریس شتێکی ڕوونکردەوە کە چینی کرێکار ناتوانێت هەروا دەست بەسەر ماشێنی دەوڵەتی حازرو ئامادەدا بگرێت و بۆ مەبەستەکانی خۆی بیخاتەگەڕ. (بڕوانە شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا).

پەیامی شورای گشتی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران، چاپی لەندەن 1871 لاپەڕەی (15) کە ئەم بیرە لەوێدا بەوردی شیکراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئاشکرایە کە ڕەخنە لە ئەدەبی سۆسیالیستی، لەچاو ئەمڕۆدا ناتەواوە، چونکە ئەم رەخنەیە تەنیا ئەدەبی تا ساڵی 1847 دەگرێتەوە. هەروەها ئەو

سەرنجانەی سەبارەت بە پەیوەندی کۆمۆنیستەکان لەگەل حزبە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکان هاتووە(بەشی چوارەم). هەرچەند لەباری ئوسوڵییەوە ئێستاش دروستن، بەڵام لە کردەوەدا کۆن بوون، چونکە بارودۆخی سیاسی بە تەواوی گۆڕاوە و ڕەوتی بەرەوپێشی مێژوو، زۆربەی ئەو حزبە سیاسییانەی لە ڕۆژگار سڕیوەتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، مانیفێست بەڵگەیەکی مێژووییە کە ئیتر ئێمە بۆمان نییە دەستی تێبەرین. ڕەنگە بکرێت لە چاپی دواییدا، سەرەتایەک دابێنین کە مەودای زەمانی نێوان 1847 تا ئێستا لێک هەڵپێکێت. کاری ئەم چاپەی ئێستا، زۆر لە ناکاو هاتەپێش و نەمانپەرژا ئەوە بکەین.

کارل مارکس–فریدریک ئەنگڵس

لەندەن– 24ی حوزەیرانی 1872

## پێشەکی بۆ چاپی روسی ساڵی 1882

یەکەمین چاپی روسی مانیفێستی کۆمۆنیست، وەرگێڕاوی باکۆنین کە لە چاپخانەی کولوکول چاپکرابوو لەسەرەتاکانی 1860 بڵاوکرایەوە. ئەوکات، چاپی روسی مانیفێست، وەکو سەرگەرمییەکی ئەدەبی دەهاتەپێش چاوی خەڵکی ڕۆژئاوا، بەڵام ئێستا کەس ناتوانێت وا تەماشای بکات.

ئاخرین بەشی مانیفێست: «هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە ئاست حزبە جۆراوجۆرە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر» نیشانەدەدات کە ئەوکات (دێسێمبەری 1847)، چەندە مەیدانی گەشەی بزووتنەوەی چینی کرێکار بەرتەسک بـووە. باسی روسیاو نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم باسەدا هەر نەهاتووەتە ئاراوە. ئەوکات، زەمانیک بوو کە روسیا ئاخرین زەخیرەی گەورەی هەموو کۆنەپەرستی ئەوروپا بوو. نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هێزی کاری زیادی چینی کرێکاری ئەوروپای، لەڕێی کۆچیانەوە بۆ ئەمەریکا هەڵدەلوشی. هەردوو ئەم دوو وڵاتە کەرەسەی خاوییان بۆ ئەوروپا دابیندەکردو هاوکاتیش بازاڕی فرۆشی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەوروپا بوون، بۆیە هەردووکیان لەوکاتەدا، هەرکامەیان بەجۆرێک پاڵپشتی نیزامی دەسەڵاتداری ئەوروپا بوون.

ئێستا لە کوێ و ئەوکات لە کـوێ؟، هەر کۆچی ئەوروپاییەکان (بۆ ئەمەریکا) بووە هۆی گەشەکردنی یەکجار زۆری کشتوکاڵ لە ئەمریکای باکوور کە بە ململانێی خۆی، بنەما ئەساسییەکانی خاوەندارێتی گەورە و چکۆلەی

زەوی لە ئەوروپای هێناوەتە لەرزە. لە هەمانکاتدا، ئەم کۆچکردنانە، توانای بە ئەمەریکا بەخشی کە بەو خێراییە، لەو هەموو سەرچاوە پیشەسازییانەی خۆی کەڵک وەربگرێت و ئاوا لە ماوەیەکی کورتدا مۆنۆپۆڵی پیشەسازی ئەوروپای رۆژئاوا، بەتایبەت هی ئینگلستان، تێکبشکێنێ. هەردوو ئەم دوو بارودۆخە، کاردانەوەی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر خودی ئەمەریکا هەیە. وردە وردە، خاوەندارێتی چکۆلەو ناوەنجی خاوەن مەزراکان کە پایەوبناغەی هەموو بونیادە سیاسییەکەیە، بەرانبەر بە ململانێی مەزرا گەورەکان تێکدەڕووخێت. هاوکات، زۆرتربوونی پرۆلێتاریای پیشەسازی و کۆمابوونی ئەفسانەیی سەرمایەکان لە هەرێمە پیشەسازییەکان، بۆ یەکەمجار گەشەدەکات.

بێینە سەرباسی روسیا: بە درێژایی شورشی 1848–1849 نەک هەر شازادەکانی ئەوروپا، بەڵکو بۆرژواکانی ئەوروپاش، تاکە ڕێگای نەجاتیان لە دەست پرۆلێتاریای تازە وەخەبەر هاتوو، بە دەستێوەردانی روسیا دەزانی. تزار، بە سەرکردەی کۆنەپەرستی ئەوروپا ناسرابوو. ئێستا لە گاتچیا ئەسیری جەنگی شۆڕشەو ڕوسیا پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەوروپا پەروەردە دەکات.

مانیفێستی کۆمۆنیست دەبوایە، بە ئەرکی خۆی زانیبایە ڕایگەیەنێت کە فەوتانی چارهەڵنەگری خاوەندارێتی نوێی بورژوایی بەڕێوەیە، بەڵام لە روسیا، لەپاڵ هەڵدانی بەپەلەی تاڵانی سەرمایەداری و خاوەندارێتی بورژوایی تازە سەرهەڵداودا، زیاتر لە نیوەی زەوییەکان لە خاوەندارێتی هاوبەشی جووتیاران دابوون.

ئێستا، پرسیار ئەمەیە: ئایا «ئۆبشینا»ی روسی، ئەم شێوازە سەرەتاییەی خاوەندارێتی هاوبەشی زەوی کە شپرزە و بۆش بووە، دەتوانێت ڕاستەوخۆ، هەنگاو بنێتە شێوەی بەرزتری خاوەندارێتی هاوبەشی کۆمۆنیستییەوە؟ یان،

بەپێچەوانە، ئەبێت لەپێشدا هەر ئەو پرۆسەی لێکهەڵوەشانە تێپەڕ بکات کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی مێژووی ڕۆژاوایە؟

تەنیا وەڵامێک کە بکرێت ئێستا بدرێتەوە ئەمەیە: ئەگەر شۆڕشی ڕوسیا، ببێتە بانگەواز بۆ شۆڕشی کرێکاری لە ڕۆژاوا، بەجۆرێک کە هەردووکیان تەواوکەری یەکتر بن، ئەم خاوەنداریەتییە هاوبەشەی زەوی ئێستای روسیاش، دەتوانێت وەک دەسپێکردنی گەشەیەکی کۆمۆنیستی دەوری هەبێت.

کارل مارکس–فریدریک ئێنگلس

لەندەن، 21–01–1882

## پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی 1883

بەداخەوە، ناچارم پێشەکی ئەم چاپە بە تەنیا ئیمزا بکەم. مارکس، ئەو کەسەی هەموو چینی کرێکاری ئەوروپا و ئەمەریکا زیاتر لە هەرکەسێکی تر قەرزدارباریەتی، ئەوا لە گۆڕستانی هایگەیتبۆ هەمیشە چاوی لێکناوەو یەکەم گیاش لەسەر گۆڕەکەی ڕوواوە. پاش نەمانی لە (13ی مارسی1883) ئیتر، لێ زیادکردن یان چاوگێڕانەوە بە مانیفێستدا، ڕێی تێناچێت. بەم بۆنەشەوە، دیسان زیاتر بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا رابگەیەنم: ئەو بیرە بنچینەییەی سەراسەری مانیفێست لێکهەڵدەپێکێت؛، ئەوەی کە لەهەرقۆناغێکی مێژووییدا، بەرهەمهێنانی ئابوری و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی کە بێگومان لەو بەرهەمهێنانە دەوەشێتەوە. بنچینەی مێژوویی و سیاسی و فکری ئەم دەورەیە پێکدێنێت؛ ئەوەش کە بەوبۆنەوە هەموو مێژوو (لەو کاتەوە خاوەنداریەتی ئیشتیراکی سەرەتایی زەویـوزار هەڵوەشاوەتەوە)، بووەتە مێژووی کێشەی چینایەتی؛ مێژووی بەربەرەکانێی نێوان دوو چینی چەوساوە و چەوسێنەر، نێوان دووچینی ژێردەست و باندەست لە پلەی جۆراوجۆری هەڵدانی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەش کە ئێستا ئەم کێشەیە گەیشتووەتە پلەیەک کە چینی چەوساوە و زۆرلێکراوی ئەمڕۆ (پرۆلێتاریا) ئیتر ناتوانێت خۆی لەو چینەی دەیچەوسێنێتەوەو زوڵموزۆری لێدەکات (لە بورژوازی) ڕزگاربکات بێ ئەوەی لەهەمان حاڵدا بە یەکجاری، هەموو کۆمەڵ لە چەوسانەوەو زوڵموزۆرو کێشەی چینایەتی ئازاد بکات. بەڵێ

ئەم فکرە ئەساسییە، سەرتاخواری هی مارکسە.

گەلێکجار ئەم قسەیەم کردووە، بەڵام ئێستا بە تایبەت بە پێویستی دەزانم کە لە سەرەتای خودی مانیفێستیشدا دووبارەی بکەمەوە.

ف. ئەنگڵس

لەندەن- 28ی حوزەیرانی 1883

## پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیزی ساڵی 1888

مانیفێست، وەکو بەرنامەی «یەکیەتی کۆمۆنیستەکان» بڵاوکرایەوە. ئەو کۆمەڵە کرێکارییە کە سەرەتا هەرتەنیا ئەڵمانیایی بوو، پاشان بووە کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی و لە بارودۆخی سیاسی ئەوروپای پێش ساڵی 1847دا بەناچاری نهێنی بوو.

لە کۆنگرەیەکی ئەو یەکیەتیەدا کە مانگی تشرینی دووەمی 1847 لە لەندەن بەرپابوو، بە مارکس و ئەنگڵس سپێردرا کە بەرنامەیەکی تەواووی تیۆریک و پراتیکی حزب ئامادە بکەن. دەستنووسە ئەڵمانییەکەی تا کانوونی دووەمی 1848 تەواوکراو چەند هەفتەیەک پێش شۆڕشی 24ی شوباتی فەرەنسا، بۆ چاپ ڕەوانەی لەندەن کرا. وەرگێڕدراوێکی فەرەنسی لە پاریس، ماوەیەک پێس ڕاپەڕینی مانگی حوزەیرانی 1848 دەرچوو. یەکەمین وەرگێڕدراوی ئینگلیزی، کچێک کردی بە ناوی «هێلێن مەک فارلین» و لە ڕۆژنامەی Red Republican کە هی»جورج جولیان هارنی» بوو کە سالی 1850 لە لەندەن بڵاوبووەوە. پێشتر بە دانیمارکی و بە پۆڵەندی چاپ کرابوو.

تێکشکانی ڕاپەڕینی مانگی حوزەیرانی پاریس، ئەم یەکەمین شەڕە گەورەیەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیەت دیسانیش بۆ ماوەیەک داخوازە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی چینی کرێکاری ئەوروپای دواخست. لەوەدەمەوە، سەرلەنوێ وەکو پێش شۆڕشی شوبات، شەڕ و کێشە لەسەر دەسەڵات و

سەرکردەیی کەوتبووە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکانی چینەکان. چینی کرێکار ناچاربووبوو بۆ ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی خەبات بکات و وەک بەشی توندڕەوی چینی ناوەنجی هەڵوێست بگرێت.

لە هەرکوێ نیشانەیەکی خەباتی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری دەرکەوتایا، بێبەزەییانە سەرکوت دەکرا. بۆ نموونە پۆلیسی «پروس» لە شاری «کۆڵن» شوێنی کۆمیتەی ناوەندی «یەکیەتی کۆمۆنیستەکان»ی هەڵگرتو دۆزییەوە و ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە گیران و پاش هەژدە مانگ زیندانی، لە ئۆکتۆبری 1852دا دران بە دادگا. ئەم «دادگاییکردنەی کۆمۆنیستەکانی کۆڵن»ە کە مەشهوورە، لە 4ی تشرینی یەکەمەوە تا 12ی تشرینی دووەمی کێشاو حەوت کەس لە گیراوەکان لەماوەی سێ ساڵەوە تا شەش ساڵ زیندان لە قەڵادا سزادران. دەستبەجێ پاش دەرچوونی ئەو حوکمە، یەکیەتیەکە لەلایەن باقی ئەندامەکانەوە بە ڕواڵەت هەڵوەشێنرایەوە؛ وەک مانیفێستیش، وادیارە لەوکاتەوە، مەحکوم بووبێت بە لەبیرچوونەوە.

کاتێک، چینی کرێکاری ئەوروپا سەرلەنوێ توانای شیاوی گرتەوە کە هێرشێکی تازە بەرێتەوە سەر چینە دەسەڵاتدارەکان، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران بەرپا بوو، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە کە بۆ مەبەستێکی سادە و ڕاشکاو، یانی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی هەموو هێزە خەباتکارەکانی پرۆلێتاریای ئەوروپاو ئەمەریکا پێکهاتبوو، نەیدەتوانی دەستبەجێ هەموو ئەو ئوسوڵەی لە مانیفێستدا باسکرابوو، رابگەیەنێت.

ئەنترناسیۆناڵ، دەبوایە بەرنامەیەکی هێند بەرین بێ کە جێی متمانەی، هەم سەندیکاکانی ئینگلیز بێت، هەم لایەنگرانی «پرۆدۆن» لە فەرەنسا و بەلجیکا و ئیتالیاو ئیسپانیا و هەم لایەنگرانی لاساڵ لە ئەڵمانیا.

مارکس کە ئەو بەرنامەیە لە ئاستی داخوازی هەموو ئەو حزبانەدا نووسیوە،

متمانەی تەواوی بە گەشە و هەڵدانی فکری چینی کرێکار کرد کە بەرهەمی بێگومانی هاوخەباتییان و بیروڕاگۆڕینەوەیان دەبوو. ئەو هەموو ڕووداوانە، ئەو هەموو هەڵچون و داچونە کە لە ڕەوتی خەباتی دژی سەرمایەدا دێتە ڕێ، تەنانەت شکستەکان زیاتر لە سەرکەوتنەکان، بەناچاری کرێکارانی لە بێسەمەر بوونی ئەو ریسێپتە جۆراجۆرانەی کە وەک دەرمانی هەموو دەردێک دڵیان پێخۆش کردبوو، ئێدەگەیاند و ڕێگای خۆشدەکرد بۆ حاڵی بوونیان لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ڕزگاری خۆیان.

مارکس باشی بۆچووبوو، کاتێک «ئەنترناسیونال» ساڵی 1874 تێکچوو، کرێکاران لەچاو سەرەتای پێکهاتنەکەی واتا لەچاو ساڵی 1864، بەتەواوی گۆڕدرابوون. پرۆدۆنیزم لە فەرەنسا و لاسالیانیزم لە ئەڵمانیا، خەریکبوون دەتوانەوە؛ تەنانەت سەندیکا کۆنسەرڤەتیڤەکانی ئینگلیز کە زۆربەیان دەمێک بوو پەیوەندیان لەگەڵ «ئەنتەرناسیۆنال» پساندبوو، وردە وردە تا ئەو ڕادەیە هاتنە پێش کە ساڵی پار لە «سوان سی» سەرۆکەکەیان لەلایەن ئەوانەوە بڵێت: «سوسیالیسمی قارە چیدی نامانترسێنێت». لە ڕاستیدا ئوسوڵی مانیفێست جێگایەکی بەرچاوی لەناو کرێکارانی هەموو وڵاتاندا بۆخۆی کردبۆوە.

بەوجۆرە، مانیفێست خۆیشی، هەمدیسان هاتەوەڕوو. دەقی ئەڵمانی لە ساڵی 1850 بەملاوە، چەندینجار، لە سویسرا و ئینگلتەرا و ئەمەریکا، لە چاپدراوەتەوە. ساڵی 1872، لە نیۆیۆرک کرایە ئینگلیزی و لە ڕۆژنامەی Woodhull ans Claflin´s Weeklyدا، بڵاوکرایەوە.

دواتر ئەم وەرگێڕدراوە ئینگلیزییە کرا بە فەرەنسی و لە ڕۆژنامەی Le Socialiste چاپی نیۆیۆرکدا بڵاوکرایەوە. لەو کاتەوە، لانیکەم، دوو وەرگێڕدراوی تری ئینگلیزی بە کەم تازۆر لادانەوە لە ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە. یەکێک لەوانە، لە ئینگلتەراش چاپکراوەتەوە. یەکەمین وەرگێڕاوی ڕوسی کە «باکۆنین»

کردی، دەوروبەری ساڵی 1863 لە چاپخانەی «کۆلۆکۆڵ»ی «هێرتسن» لە جنیڤ چاپکراوە. وەرگێڕاوێکی دووهەمیش کە هی «ڤێرا زاسولیچ»ی قارەمان بوو، هەر لە جنیڤ لە ساڵی 1882 بڵاوکرایەوە.

چاپێکی تازەی بە زمانی دانیمارکی لە ڕۆژنـامـەیSocialdemokrtisk Bibliothekچاپی کۆپنهاگن ساڵی 1885 بڵاوبووەوە؛. وەرگێڕدراوێکی تازەی فەرەنسی لە Le Socialisteی پاریس، ساڵی 1886 چاپکرا. لە ڕووی ئەمەشەوە، کرایە ئیسپانی و ساڵی 1886 لە مەدرید بڵاوکرایەوە. چاپکرانەوەی بە زمانی ئەڵمانی لە ژمارە نایەن، سەرجەم هیچ نەبێت، دوازدە جار بە ئەڵمانی چاپکراوە. وەرگێڕدراوێکی ئەرمەنی کە دەبوا چەند مانگێک لەمەوپێش، لە ئیستانبوڵ، بڵاو بێتەوە، وەک بە منیان وت، ڕووی ڕووناکی نەدی، چونکو بڵاوکەرەوەکە نەیوێراوە کتێبێک چاپ بکات کە ناوی مارکس بەسەریەوە بێت! وەرگێڕیش ملی بەوە نەداوە کە  بە بەرهەمی خۆی دابنێت.

سەبارەت بە وەرگـێـڕدراوی تریش بە زمانەکانی تر هەندێک شتم بیستووە، بەڵام نەمدیون. بەمجۆرە، بەسەرهاتی مانیفێست، بە ڕادەیەکی زۆر مێژووی چینی کرێکاری مۆدێرن لە خۆیدا دەنوێنێتەوە. حاڵی حازر، ئەم کتێبە لەناو هەموو نووسراوەکانی ئەدەبیاتی سۆسیالیستیدا، بێگومان باوترین و نێونەتەوەییترینیانە. بەرنامەیەکی هاوبەشە کە بە ملیۆنان کرێکار، لە سیبریاوە هەتا کالیفۆرنیا قبووڵیان کردووە.

سەرەڕای ئەمە، کاتێک دەنوسرا نەماندەتوانی ناوی بنێین مانیفێستی سوسیالیستی. سۆسیالیست، لە ساڵی1847دا مانای ئەوکەسانە بوو کە لە لایەکەوە لایەنگری سیستمە جۆراوجۆرە خەیاڵییەکان بوون (لایەنگرانی «ئۆئێن» لە ئینگلتەرا، لایەنگرانی «فۆریە» لە فەرەنسا، کە هەردوولا ببوونە تاقمی بچکۆلە و وردەوردە لە توانەوەدا بوون)، لە لایەکیتریشەوە، بە چاو بەسکەرانی

جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی دەوێژرا کە بەڵێنیان دەدا هەموو جۆرە مەینەت و کوێرەوەرییەکی کۆمەڵایەتی بە پینەوپەڕۆ و لەحیمکاری چارەسەر بکەن، بێ ئەوەی هیچ مەترسییەک بۆ سەرمایە و سوود بێنە ئارا! لە هەردوو حاڵیشدا، کەسانێک هەبوون لە دەرەوەی چینی کرێکاردا کە زیاتر چاوەڕوانی یارمەتییان لە چین و توێژە خوێندەوارەکان دەکرد. ئەو بەشە لە چینی کرێکار کە دڵنیا ببوو ئاڵوگۆڕی سیاسی بە تەنیا ڕەسایی ناکات و باسی پێویستبوونی ئاڵوگۆڕی سەرتاپای کۆمەڵگای دەکرد، بەخۆی دەوت کۆمۆنیست.

ئەوە کومۆنیزمێکی کاڵ و خاو، خەشیم، ناکۆڵۆکارو یەکسەرە غەریزیی بوو، بەو حاڵەش، خەریکبوو دەستی بە خاڵە ئەساسییەکان بگات و هێندە لەناو چینی کرێکار بەهێز ببوو کە «کۆمونیزمی خەیاڵی «کابە» لە فەرەنسا و «ویتلینگ» لە ئەڵمانیا، بەرهەم بێنێت. بەمجۆرە، «سۆسیالیسم» لە ساڵی 1847دا بزووتنەوەیەکی چینی ناونجی بوو، کومونیزمیش بزووتنەوەیەکی چینی کرێکار بوو. سۆسیالیزم، هیچنەبێت لە قاڕەدا، »موحتەرەم» بوو، بەڵام کومونیزم، تەواو بە پێچەوانەوە! لەبەرئەوەش کە بۆچوونی ئێمە، هەر لە سەرەتای کارەوە، ئەوەبوو کە »رزگاری چینی کرێکار تەنیا بە کردەوەی خۆیی دێتەدی»، هیچ جێگای گومان نەدەمایەوە کە لەو دوو نێوە دەبێت کامەیان هەڵبژێرین، پاش ئەوەش، هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهات کە لەم ناوە پاشگەز بینەوە.

مانیفێست، بەرهەمی کاری هاوبەشمانە، بەڵام من خۆم بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئەو ئەسڵە بنەڕەتییە کە کاکڵی کتێبەکە پێکدێنێت، هی مارکسە. (بڕوانە پێشەکی پێشوو: «ئەو بیرە بنچینەییە کە سەراسەری مانیفێست لێکهەڵدەپێکێ « .

لە پێشوتاری هاوبەشمان کە بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی 1872 نووسیومانە، ئەمەی خوارەوە دێنمەوە:

(بڕوانە پێش وتاری چاپی ئەڵمانی 1872: «هەرچەند لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا...»)

ئەم وەرگێڕدراوە حازرییە، ئاغای «سامۆیل مور» کردوویەتی کە خۆی وەرگێڕی بەشی زۆری «کاپیتاڵ»ی مارکس بووە. من و ئەو پێکەوە، پێیدا چووینەوە و من چەند ڕوونکردنەوەیەکم لێ زیادکردووە کە باری مێژوویی هەیە.

فریدریک ئەنگڵس

لەندەن1888/1/30

## پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی 1890

پاش چاپی ئەڵمانی ساڵی1883جارێکیتر پێویستی چاپکردنەوەی مانیفێست بە زمانی ئەڵمانی هاتوەتەوە پێش، گەلێک بەسەرهاتیش بەسەر مانیفێستدا هاتووە کە جێگای خۆیەتی لێرەدا باسبکرێت.

دووەمین وەرگێڕاوی روسی (هی ڤێرا زاسولیچ) ساڵی 1882 لە جنێڤ بڵاوبووەوە. پێشوتاری ئەو چاپە، خۆم و مارکس نووسیبوومان، بەداخەوە دەستنووسە ئەڵمانیەکەی نەماوە، هەربۆیەش من دەبێت دیسان لە روسیەوە وەریگێڕمەوە کە دیارە وەک ئەسڵەکەی نایەتەوە. ئەو پیشوتارە دەڵێت: (بڕوانە پێشەکی بۆ چاپی روسی ساڵی 1882 « بێینە سەرباسی روسیا: بەدرێژایی شوڕشی...»).

هەر لەو سـەردەمـەدا، وەرگێڕدراوێکی تـازەی پۆڵەندی، لە جنیڤ «Manifest Kommunistyczny». پاش ئـەوەش، وەرگێڕدراوێکی تازەی دانیمارکی بڵاوبوەوە:"Socialdemokratisk Bibliothek; Kjobenhavn 1885". بە داخەوە، ئەم وەرگێڕدراوە ناتەواوەو هەندێک لە بەشە ئەساسییەکانی وادیارە لەبەردەم وەرگێڕ گران بووە و بوێردراوە! لە چاپیش لێرەو لەوێ نیشانەی کەمتەرخەمی پێوە دیارە. ئەمە، لەوبابەتەوە زیاتر جێگای جەخارە بەوکارەدا کە بۆی کراوە، بە ئاسانی دیارە کە ئەگەر وەرگێڕ هەندێک زیاتر وردبوایەتەوە، دەیتوانی بەرهەمێکی سەرکەوتوو بداتە بەدەستەوە.

وەرگێڕدراوێکی تازەی فەرەنسی، ساڵی 1885 لە ڕۆژنامەیLeSocialisteی پاریس، بڵاوکرایەوە کە تا ئێستا، لە هەموو وەرگێڕاوە فەرەنسییەکان باشترە.

لەڕووی ئەمەوە، دواتر هەر ئەو ساڵە، بە زمانی ئیسپانی، وەرگێڕدراوێک بڵاوکرایەوە کە سەرەتا لە ڕۆژنامەی El Socialistaچاپی مەدرید و پاشان وەکو نامیلکەیەکی جیاواز:Manufesto del Partido Comunista, por Carlos Marz y F Engels. Madrid. Adminstracion de El Socialista. Hernan Cortes 8. چاپکراوە.

ئەم قسەیەش بۆ گێڕانەوە خۆشە کە لە ساڵی 1887دا دەستنووسی وەرگێڕدراوێکی ئەرمەنی مانیفێست درا بە بڵاوکەرەوەیەک لە ئیستانبوڵ بۆ چاپ، بەڵام ئەو بەستەزمانە نەیوێرابوو کتێبێک چاپ بکات کە ناوی مارکسی بە سەرەوە بوو، بۆیە پێشنیاریکردبوو کە وەرگێڕ ناوی خۆی، وەک نوسەر، بهێنێت، بەڵام وەرگێڕ ملی بەوە نەدابوو.

لە ئینگلیز، پاش ئەوەی چەندجار وەرگێڕدراوی ئەمەریکی، کەم تازۆر باوەڕپێنەکراو چاپکرانەوە، ئاخری لە ساڵی 1888دا وەرگێڕدراوێکی باوەڕپێکراو بڵاوکرایەوە. ئەم وەرگێڕاوە، کردەی دۆستی من «سامۆئێل مۆر» بوو کە هەردووکمان، پێش ناردنی بۆ چاپ، چاومان پێداگێڕایەوە. ناونیشانەکەی ئاوایە:

Manifesto of the Communist Party, by Karl Marx and Fredrik Engels. Authorized English Translation edited annotated by Fredrik Engels. 1888 London, William Reeves. 185 Fleet st E.C.هەندێک لەو تێبینییانە کە لەو چاپەم نوسیوە، لەم چاپەشدا هێناومە.

مانیفێست خۆی، مێژوویەکی هەیە. کاتێک بڵاوکرایەوە، لەلایەن پێشەنگانی سۆسیالیزمی زانستییەوە کە ئەوکات ژمارەیان یەکجار کەم بوو،

پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکرا. (لەو هەموو وەرگێڕانەش کە لە پێشوتاری یەکەمدا ناوبراون، ئەمە دەردەکەوێت)، بەڵام زۆر زوو بە کۆنەپەرستیەک کە پاش شکستی کرێکارانی پاریس، حوزەیرانی 1848 سەریهەڵدا، پاشەکشەی پێکرا. سەرەنجامیش، بە شوێن مەحکومبوونی کۆمۆنیستە کۆڵنییەکاندا، تشرینی دووەمی1852، ئەم کتێبەش «بەگوێرەی قانون» قەدەغەکرا. کاتێک بزووتنەوە کرێکارییەکە کە بە شوڕشی شوبات دەستی پێکردبوو، لە مەیدانی کۆمەڵایەتی ونبوو، مانیفێستیش کەوتە تاقی فەرامۆشییەوە.

کاتێک چینی کرێکاری ئەوروپا، هەمدیسان ئەوەندە بووژایەوە کە بتوانێت هێرشێکی تازەتر بەرێتە سەر دەسەڵاتی چینی باندەست، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران (ئەنتەرناسیۆنال) پێکهات. ئامانجی ئەنتەرناسیۆناڵ ئەوەبوو کە بە لێکهەڵپێکانی هەموو چینی کرێکاری خەباتکاری ئەوروپا و ئەمەریکا، لەشکرێکی گەورەو گران پێکبێنێت. هەربۆیەش، ئەوکات نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ لەو ئەسڵانەوە دەست پێ بکات کە لە مانیفێستدا باسکرابوون.

پێویست بوو بەرنامەیەکی هەبێت کە دەرگا لەڕووی سەندیکا ئینگلیزییەکان و پرۆدۆنیستەکانی فەرەنسا و بەلجیکا و ئیتاڵیا و ئیسپانیاو لاساڵیەکانی ئەڵمانیا، پێوەنەدا. مارکس، ئەم بەرنامەیە (سەرەتای ئەساسنامەی ئەنتەرناسیۆنالی)، هێندە کارزانانە نوسی کە تەنانەت باکۆنین و ئانارشیستەکانیش دانیان پیادا ناوە.

بۆ مسۆگەرکردنی ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی لە مانیفێستدا هاتبوو، مارکس هەرپشتی بە هەڵدانی ڕۆشنبیری چینی کرێکار بەستبوو، ئەو هەڵدانەی کە سەرەنجامی بێگومانی خەبات و ئاخافتنی هاوبەشیان دەبوو.

ڕووداوەکان و هەڵچون و داچونەکانی خەباث دژی سەرمایە شکستەکان، ثەنانەث زیاثر لە سەرکەوثنەکان، بێگومان لە خەباثکارانی ڕوون دەکردەوە کە ئەو ریسێپنە جۆربەجۆرانەی بە دەرمانی هەموو دەردێکیان دەزانین، چەندە بێبایەخ بوون، مێشکیشیانی ئامادەثر دەکرد بۆ ثێگەیشثن لە هەلومەرجی راسثەقینەی ڕزگاری چینی کرێکار.

مارکس باشی بۆچووبوو. چینی کرێکاری ساڵی 1874، کاثی ثێکچوونی ئەنثەرناسیۆناڵ، ثەواو جیاواز بوو لەچاو ساڵی1864، کاثی پێکهاثنەکەی. پرۆدۆنیزمی وڵاثانی لاثین و لاساڵیانیزمی ثایبەث بە ئەڵمانیا لە سەرەمەرگدا بوون. ثەنانەث ثرەیدیونیونە ئینگلیزیە هەرە کۆنسەرڤەثیڤەکان، وردەوردە، لەوە نزیک بوونەوە کە ساڵی 1887 سەرۆکی کۆنگرەکەیان لە «سوان سی»، لەلایەن ئەوانەوە وثی: «سۆسیالیزمی قارە، چیدی، ثرس و خۆفێکی بۆ ئێمە نەماوە».

لە کاثێکدا، ساڵی 1887 «سۆسیالیزمی قارە» کەم ثا زۆر، هەر ئەو ثیۆرییە بوو کە لە مانیفێسثدا هاثبوو. بەمجۆرە، مێژووی مانیفێسث بەشێک لە مێژووی بزووثنەوەی چینی کرێکاری مۆدێرن، لە ساڵی 1848 بەملاوە، لە خۆیدا دەنوێنێث. ئێسثاش، بێگومان باوثرین و نێونەثەوەییثرین نوسراوەیە لەنێو ئەدەبیاثی سۆسیالیسثیدا و بەرنامەی هاوبەشی بە ملیون کرێکاری هەموو وڵاثانە، لە سیبێریاوە هەثا کالیفۆرنیا.

سەرەڕای ئەمە، (بڕوانە پێشەکی چاپی 1888 کە ئەم بڕگەیە لەوێشدا هاثووە: سەرەڕای ئەمە، کاثێک دەنوسرا، نەماندەثوانی ناوی بنێین مانیفێسثی سوسیالیسثی).

«کرێکارانی هەموو جیهان، یەکگرن!». کاثێک ئێمە چل و دوو ساڵ لەمەوبەر، لە بەرەبەیانی شۆڕشی پاریسدا، یەکەمین شۆڕشێک کە

پرۆلیناەرەکان، بە داخوازی تایبەت بەخۆوە هاتنە مەیدان، ئەم بانگەوازمان بە جیهاندا، تەنیا چەند دەنگێک بە دەنگمانەوە هاتن، بەڵام 28ی ئەیلولی 1864 کرێکارانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاوا لە»کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران» (ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم)دا کە بیرەوەرییەکەی بەردەوام پڕ شانازیە، یەکیان گرت.

راستە ئەنتەرناسیۆناڵ خۆی، تەنیا (9) ساڵ ژیا، بەڵام یەکگرتوویی هەتاهەتایی پرۆلیتاریای هەموو وڵاتان کە ئەنتەرناسیۆناڵ دایڕشتووە، لە هەمیشە زیندووترە. بارودۆخی ئێستا، خۆی باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. چونکە ئەمڕۆ کە من ئەم دێڕانە ئەنوسم، پرۆلیتاریای ئەوروپاو ئەمەریکا، چاو بە هێزە جەنگاوەرەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە بۆ یەکەمجار، وەکو یەک لەشکر ریزیان پێکاوە و لەژێر یەک ئاڵا و بۆ یەک ئامانجی نزیک خەبات دەکەن: بۆ ئامانجی جێخستن و بەیاسایی کردنی رۆژکاری هەشت سەعاتە؛، وەک لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ، ساڵی 1866 لە جنیڤ و هەمدیسان لە کۆنگرەی کرێکارانی پاریسدا لە ساڵی 1889 ڕاگەیەندرا.

دیمەنی ئەمڕۆ، ئەو راستییە بە سەرمایەداران و مالیکانی هەموو وڵاتان دەسەلمێنێت کە ئەمڕۆ پرۆلیناریای هەموو وڵاتان، بە ڕاستی یەکیان گرتووە.

بریا، ئێستا مارکس لای من بوایە و ئەم دیمەنەی بە چاوی خۆی بدیبایە.

ف .ئەنگڵس

1890لەندەن – یەکیئەیاری

## پێشەکی بۆ چاپی پۆڵەندی ساڵی1892

هەر ئەم راستییە کە پێویستی چاپێکی نویٚ لە مانیفێستی کۆمۆنیست بە زمانی پۆڵەندی هاتووەتە پێش، خۆی ڕێگا دەکاتەوە کە چەند دەرەنجامێک بەرچاو بخرێت:

پێش هەموو شتێک شایانی باسە کە مانیفێست، لەم دواییانەدا، لە هەر شوێنێکی ئەوروپا بووبێت، نیشاندەرێکی هەڵدانی پیشەسازی گەورە بووە. هەرچەندە، لە وڵاتێکی دیاریکراودا، پیشەسازی گەورە پەرەی گرتبێت، لەناو کرێکارانی ئەو وڵاتەدا، مەیلی ئاگاداربوون لە بارودۆخی خۆیان، وەکو چینی کرێکار بەرانبەر بە چینە داراکان، بەهێزتر دەبێت، بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە نێویاندا پەرە دەگرێت و داخوازی بۆ مانیفێستیش زیاد دەکات.

بۆیە، لەڕووی ئەوەوە کە چەند کۆپی لە مانیفێست بە زمانی وڵاتێک بڵاو بووەتەوە، دەکرێت بە شێوەیەکی تاڕادەیەک درووست، نەک هەر بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکو پلەی هەڵدانی پیشەسازی گەورەش لەو وڵاتە دیاری بکەی.

بەمپێیە، چاپی تازەی مانیفێست بە زمانی پۆڵەندی، نیشانەی پێشکەوتنی بەرچاوی پیشەسازیشە لەو وڵاتەدا. ئاشکراشە کە ئەم هەڵدانە، لەبڵاوبوونەوەی چاپی (دە) ساڵ لەوەو پێشی ئەم کتێبە سەقامگیر بووە. پۆڵەندای روسیا، پۆڵەندای کۆنگرەیی، بووەتە مەڵبەندێکی گەورە و گرنگی پیشەسازی ئیمپراتۆری روسیا.

له کاتێکدا پیشەسازییە گەورەکانی روسیا، لەملاولا پەرشوبڵاون، بەشێک لە کەنداوی فینلەندە، بەشێکیتری لە ناوەوە (مۆسکۆ، ڤلادیمیر) بەشی سێهەم لە کەنارەکانی دەریای ڕەش و دەریای ئازۆفە و باقیش لە شوێنەکانیترن. سەنعەتی پۆڵەندا، لە مەڵبەندێکی هەندێک بەرتەسکدا کۆبووەتەوە و لە سوود و زیانی ئەم کۆمابوونە بەهرەمەندە.

کارخانەدارانی نەیاری روسی، فایدەکانی ئەم کۆمابوونەیان زانی، بۆیە سەرەڕای شەوق و ئامەزرۆیان بۆ بەڕوسیکردنی پۆڵەندا داوایان کرد، باج و خەراجی گۆمرکی، دژی پۆلەندا دابنرێت. زیانەکانی ئەم کۆمابوونە، بۆ خاوەن پیشەسازییەکانی پۆڵەندا و دەسەڵاتی ڕوسیا، بریتیە لەوەی کە بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەنێو کرێکارانی پۆڵەندا بە خێرایی گەشە دەکات و داخوازی بۆ مانیفێست ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەبێت.

بەڵام هەڵدانی بەخێرای پیشەسازی پۆڵەندا کە پێش پیشەسازی روسیاش کەوتووەتەوە، بەش بە حاڵی خۆی نیشانەیەکی نوێیە لە تەوژمی گەشەی بێبڕانەوەی خەڵکی پۆڵەندا و خۆی زامنێکی تازەشە بۆ بووژانەوەی نەتەوەیی سبەی ڕۆژی پۆڵەندا.

ژیاندنەوەی پۆڵەندایەکی بەهێزو سەربەخۆش مەبەستێکە کە پەیوندی، نەک هەر بە پۆڵەندییەکانەوە، بەڵکو بە هەموومانەوە هەیە. هاوکاری پڕبەدڵی نەتەوەکانی ئەوروپا لە مەیدانی جیهانیدا، تەنیا کاتێک دەست دەدات کە هەرکام لەم نەتەوانە، لە ماڵی خۆیاندا بە تەواوی خۆبەڕێوەبەر بن.

شوڕشی ساڵی 1848 لەژێر ئاڵای پرۆلێتاریادا، پاش ئەو هەموو خەباتە، هەر ئەوەندە ڕێگای بە جەنگاوەرانی پرۆلێتاریادا کە کاری ناتەواوی بۆرژوازی تەواو بکەن. هەروەها، سەربەخۆیی ئیتالیا و ئەڵمانیا و هەنگاریایان جێبەجێ کرد، وەک بڵێیت بەڕێوەبەرانی وەسیەتەکانی لووئی بۆناپارت و بسمارک بن!،

بەڵام سەبارەت بە پۆڵەندا کە لە ساڵی 1792 بەملاوە زیاترلە سەرجەمی ئەو سێ وڵاتە کاری بۆ شۆڕش کردبوو، کاتێک لە 1863 لەبەر هێرشی هێزە دە هێندە زیاترەکانی روسیادا زەلیل ببوو، بەتاق کەوتەوە!

نەجیبزادەکان نەیانتوانی، نە سەربەخۆیی پۆڵەندا بپارێزن نە دواییش بەدەستی بێننەوە. ئەمڕۆ، لای بۆرژوازی ئەم سەربەخۆییە بایەخێکی وای نییە، هەرچەند ئەمە بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی نەتەوەکانی ئەوروپا پێویستە. ئەم کارەش، تەنیا بە دەستی پرولێتاریای تازە پێگەیشتووی پۆڵەندا بەدی دێت و لەدەستی ئەودا پارێزراو دەبێت، چونکە کرێکارانی باقی ئەوروپا، رێک بە قەد کرێکارانی پۆڵەندا خۆیان، پێویستییان بە سەربەخۆیی پۆڵەندایە.

ف .ئەنگڵس

لەندەن- 10ی شوباتی1892

## پێشەکی بۆ چاپی ئیتالی ساڵی 1893
## بۆ خوێنەری ئیتالی

مانیفێستی کۆمۆنیست، 18ی ئـازاری 1848بـا بڵێین هاوکات لەگەڵ شۆڕشەکانی میلان و بەرلین بڵاوبووەوە کە ڕاپەڕینی چەکدارانەی دوو نەتەوەی ناوەندی بوون، یەکیان لە ناوەندی ئەوروپادا و ئەویتریان لە ناوەندی وڵاتانی دەریای ناوەڕاستدا. دوو نەتەوە، کە تاکو ئەودەم، بەهۆی تەفرەقە و کێشەی نێوخۆییەوە، کز ببوون و هەربۆیەش کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە.

کاتێک ئیتالیا کەوتبووە ژێردەستی ئیمپراتۆری نەمسا، ئەڵمانیاش ببوو بە ژێر کۆتوبەندێکەوە، هەرچەند ناڕاستەوخۆتر، بەڵام لەو سووکتر نەبوو: «کۆتوبەندی دەسەڵاتی تزاری روسیا». دوای ڕووداوەکانی 18ی ئازاری 1848، ئیتالیا و ئەڵمانیای لەم شەرمەزارییە رزگار کرد. ئەگەر لە ساڵەکانی 1848 تا 1871دا، ئەم دوو نەتەوەیە لەسەرپێی خۆیان وەستابوون و سەربەخۆیی هەر کامەیان، بەجۆرێک، دامەزرابوو، بۆیە کە کارل مارکس وتەنی: ئەوانەی شۆڕشی 1848یان سەرکوت کرد، بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، بوونە بەڕێوەبەرانی راسپاردەکانی ئەو شۆڕشە.

لە هەموو لایەک، ئەو شۆڕشە، چینی کرێکار کردی کە سەنگەرەکانی هەتا کۆتایی بەردەوام بوون لە گیانبازی کردن. لەم نێوەدا، هەر کرێکارانی پاریس بوون کە مەبەستیان لە ڕووخاندنی دەسەڵات، بەڕوون و راشکاوی، ڕووخاندنی

ڕژێمی سەرمایەداری بوو. سەرەڕای ئاگاداری ئەوانیش لەوەی کە ناتەبایی نێوان چینی خویان و بۆرژوازی چارهەڵنەگرە، هێشتا، نە هەڵدانی ئابوری وڵات و نە هەڵدانی ڕۆشنبیری جەماوەری کرێکارانی فەرەنسا، هیچکام نەگەیشتبوە ئەو رادەیە کە نوێکردنەوەی نیزامی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات.

دوایین لێکۆڵینەوەش دەریدەخات کە هەربەم بۆنەشەوە ئاخری چینی سەرمایەدار، میوەکانی شۆڕشی چنیەوە. لە وڵاتانی دی وەکو ئیتالیا، ئەڵمانیا و نەمسا کرێکاران هەر لە بنەڕەتەوە، جگە لە بەرزکردنەوەی بۆرژوازی بۆ دەسەڵات، هیچیان نەکرد. بەڵام لە هیچ وڵاتێک، دەسەڵاتی بۆرژوازی، بەبێ سەربەخۆیی نەتەوەیی دەست نادات. بۆیە، شۆڕشی 1848 دەبوا یەکیەتی و سەربەخۆیی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ خۆی هێنابا کە تا ئەودەم ئەوانەیان نەبوو: نەتەوەکانی ئیتالیا، ئەڵمانیا، مەجەر، ئێستاش نۆرەی پۆڵەندایە.

بەمجۆرە، شۆڕشی 1848، ئەگەر شۆڕشێکی سۆسیالیستیش نەبوو، ڕێگای بۆ ئەو شۆڕشە خۆش کردو زەمینەی بۆ ئامادەکرد. بە گەشەدان بە پیشەسازی گەورە لە هەموو وڵاتاندا، نیزامی بـۆرژوازی، لە ماوەی ئەم چل و پێنج ساڵەی دواییدا لە گشت لاوە چینی کرێکارێکی پڕ ئەژمارو کۆوەبووی بەهێزی پێکهێناوە. بەمجۆرە، با لە زمانی مانیفێستەوە بڵێین: گۆڕ-هەڵکەنانی خۆی، هێناوەتە بوون.

بەبێ دابینکردنی سەربەخۆیی و یەکیەتی بۆ هەر نەتەوەیەک، نە یەکیەتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار دەست دەدات و نە هاوکاریکردنی هێمنانەو وشیارانەی ئەم نەتەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان دێتەدی؛ هەر سەیری هاوکاری هاوبەش و نێونەتەوەیی کرێکارانی ئیتالیا و هەنگاریاو ئەڵمانیا و پۆڵەندە و ڕوسیا، لە بارودۆخی پێش 1848دا بکەن.

کەوایە، نە شەڕەکانی 1848 بەفیڕۆ چوون، نە ئەم چل و پێنج ساڵەش

که لەو دەورانە شۆڕشگێڕانەیە تێپەڕ بووە، بێسەمەر بووە. میوەکانی خەریکن دەگەن و من بەهیوام بڵاوبوونەوەی ئەم وەرگێڕدراوە ئیتالیاییە، مژدەبەخشی پێوقەدەمخێری سەرکەوتنی پرۆلیتاریای ئیتالیا بێت، وەک چۆن بڵاوبوونەوەی ئەسڵی کتێبەکە، مژدەبەخشی شۆڕشی ئەنتەرناسیۆنالیستی بوو.

مانیفێست، بەوپەڕی ئینسافەوە، باسی رۆڵی شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداری لە ڕابـردوودا کردووە. یەکەمین نەتەوەی کاپیتالیست، ئیتالیا بوو. کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی فێئۆداڵی و دەسپێکردنی سەردەمی نوێی سەرمایەداری، لەلایەن ڕوخسارێکی شکۆدارەوە ڕاگەیەندرا: ئیتالیەک بە ناوی «دانتی» کە ئاخرین شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستە و یەکەمین شاعیری دەورانی نوێشە. ئێستاش، هەروەک سـەدەی1300، خەریکە قۆناغێکی مێژویی نوێ دەست پێدەکات. ئاخۆ ئیتالیا «دانتی»یەکی دیکەمان پێدەبەخشێت کە کات و ساتی هاتنەبوونی ئەم سەردەمە مۆدێرنەی پرۆلیتاریا، ڕابگەیەنێت؟

فریدریک ئەنگڵس

لەندەن- یەکی شوباتی 1893

## پێشەکی

تارماییەک لە ئەوروپادا دێتو دەچێت، تارمایی کۆمۆنیزم!. هەموو هێزەکانی ئەوروپای کۆن لە پەیمانێکی پیرۆزدا پێکهاتوون کە ئەم تارماییە دوورخەنەوە: پاپا و تزار، مۆتەرنیخ و گیزۆ، رادیکاڵە فەرەنسییەکان و پۆلیسی نهێنی ئەڵمانیا.

لەکوێ حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە موخالیفە لەسەر حوکمەکانی، لاناوی کۆمۆنیستیان لێ نەدابێت؟ لە کوێ حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە تۆمەتی کۆمۆنیزمی نەکوتابێتەوە بە نێوچاوانی حزبی ئۆپۆزیسیۆنی لە خۆی پێشڕەوتر، یان نەیارانی کۆنەپەرستی خۆیدا؟

لەم راستیەوە دوو دەرەنجام دێتە دەست:

1. کۆمۆنیزم، حاڵی حازر، لەلایەن هەموو هێزە ئەوروپاییەکانەوە، وەک هێز ناسراوە.

2. ئێستا ئیتر وەختیەتی کە کۆمۆنیستەکان، بە ڕاشکاوی و لەڕووی هەموو جیهاندا، بیروڕاکانیان، مەبەستەکانیان و بۆچوونەکانیان رابگەیەنن و بە مانیفێستێکی حزبەکە خۆی، بەگژ ئەم ئەفسانەیەدا بچنەوە کە سەبارەت بە تارماییکۆمۆنیزم هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە، کۆمۆنیستەکان، لە نەتەوەی جۆربەجۆر، لە لەندەن کۆبوونەوە و گەلاڵەی ئەم بەیاننامەی خوارەوەیان داڕشت کە بە زمانی

ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، فلاماندی و دانیمارکی بڵاو بکرێتەوە:

**بۆرژواکان و پرۆلیتارەکان**

**مێژووی هەرچی کۆمەڵی تا ئێستا بووە، بریتییە لە مێژووی کێشە چینایەتییەکان.**

ئازاد و کۆیلە، پاتریسیەن و پلەبیەن، ئاغاو ڕەعیەت، وەستا و شاگرد؛ بەکورتی بڵێین زۆردار و زۆرلێکراو، هەمیشە دژی یەکتر لە ناکۆکیدا بوون، بەربەرەکانێیەکی بێبڕانەوەی دەمێک بە ئاشکراو دەمێک بە نهێنی، شەڕێک کە هەرجارە، یان کێشاویەتیە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپای کۆمەڵ، یان کێشاویەتییە فەوتانی هەردوو چینی دژ بەیەکتر.

لە چەرخەکانی سەرەتای مێژوودا، کەم تا زۆر لە هەموو شوێنێک، دابەشبوونی کۆمەڵ بە دەستە و تاقمی جۆراوجۆر و پلەی جۆراوجۆری ڕیزی کۆمەڵایەتی دەبینین. لە ڕۆمی کۆندا، پاتریسیەن هەبوون، سوارچاک هەبوون، پلەبیەن و کۆیلەش هەبوون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، خاوەن موڵکی فیوداڵ، خاوەن موڵکیورد (واسال)، وەستاکار، شاگرد و ڕەعیەت هەبوون. ئەڵبەت لەناو هەموو ئەمانەشدا، دیسان پلەوپایەی خواروژوور هەبوون.

کۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوایی کە لە جەرگەی فەوتانی کۆمەڵگای فیۆداڵییەوە سەری هەڵداوە، ناکۆکی چینایەتی لەناو نەبردووە، بەڵکو چەند چینی تازەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نوێی چەوساندنەوە و زەخت و زۆر و شێوەی نوێی خەباتی ناوەتە جێی ئەوانی کۆن.

بەڵام سەردەمی ئێمە سەردەمی بۆرژوازی تایبەتمەندییەکی هەیە: ناتەباییە چینایەتییەکانی سادە و ڕۆشن کردوەتەوە. سەرتاپای کۆمەڵ، هەتادێت زیاترو زیاتر دابەشدەبێت بە دوو بەرەی گەورەی دژ بەیەک، بە دوو چینی گەورە کە ڕاستەوخۆ بەرانبەر یەکتر وەستاون: بۆرژوازی و پرۆلیتاریا.

لە ڕەعیەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، خەڵکی ئازادی شارە قەدیمییەکان پەیدا بوون. لە نێو ئەم شارنشینانەوە یەکەم بنەماکانی بۆرژوازی سەریان هەڵداو باڵایان کرد.

دۆزرانـەوەی ئەمەریکا و ڕێگای دەریایی دەوری ئەفریقیا، دەرەتانێکی نوێی کردەوە بۆ سەرمایەداری ڕوو لە هەڵدان. بازاڕەکانی هیندی ڕۆژهەڵات و چین، بە کۆڵۆنیکردنی ئەمەریکا، بازرگانی لەگەل کۆڵۆنییەکان، زیاتر بوونی ئامرازی بازرگانی و گۆڕینەوە و بەگشتی، زۆربوونی کوتاڵ، تەکانێکی وای بە بازرگانی و سەفەری دەریایی و پیشەسازی دا کە تا ئەوکات بێوێنە بوو. بەم پێیەش،بووە هۆی هەڵدانی خێراتری بنچینە شۆڕشگێڕ و ئاڵوگۆڕبەخشەکانی کۆمەڵیڕوو لە فەوتانی فیۆداڵی.

سیستێمی فیۆداڵی پیشەسازی، کە تێیدا بەرهەمهێنانی پیشەسازی هەر لە دەستی بەستێنە دەرگا داخراوەکاندا بوو، ئێستا ئیتر گەیاندنی داخوازی هەردەم پەرەگری بازاڕە تازەکانی نەدەکرد. سیستەمی مانۆفاکتۆری هات و جێگای گرتەوە. وەستاکارەکان، لەلایەن چینی ناونجی پیشەسازەوە، خرانە لاوە. دابەشبوونی کار لە نێوان پێکهاتە بەستێنییەکاندا، جێگای خۆیدا بە دابەشبوونی کار لەنێو هەرکام لە کارگەکاندا.

لە هەمانکاتدا، بازاڕەکان گەورە دەبوون و داخوازی هەر پەرەی دەستاند. تەنانەت مانۆفاکتۆرەکانیش، ئیتر نەیاندەگەیاند. بە شوێن ئەوەدا، هێزی هەڵم و مەکینە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دا بە بەرهەمهێنانی پیشەسازی. لە جیاتی مانۆفاکتۆر، پیشەسازی مۆدێرنی مەزن پەیدا بوو، لە جیاتی چینی ناوەنجی پیشەساز، ملیۆنەرە پیشەسازەکان، سەرکردەکانی گشت لەشکری پیشەسازی، سەرمایەدارانی مۆدێرن هاتنە کایەوە.

پیشەسازی مۆدێرن، بازاڕی جیهانی پێکهێنا کە دۆزینەوەی ئەمەریکا ڕێگای

بۆ خۆش کردبوو. ئەم بازاڕەش، پەرەیەکی بێئەندازەی دا بە بازرگانی و بە دەریاوانی و بە هاتوچۆ و لە ڕێگای وشکانیەوە. ئەم گەشەسەندنانە، بەش بەحاڵی خۆی، پیشەسازی گەورەتر و پەرەدارتر کردو هەروا کە پیشەسازی و بازرگانی و کەشتیڕانی و ڕێگای ئاسن پەرەی دەستاند، هەربەو پێیەش، بـۆرژوازی گەشەی دەکرد و سەرمایەی خۆیی زیاد دەکـردو هەموو چینە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی دەدایە دواوە.

بەمجۆرە، دەبینین چۆن بۆرژوازی مۆدێرن خۆی، بەرهەمی ڕەوتێکی دوورودرێژی هەڵدانە و بەرهەمی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕە لە شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی بازرگانی و گۆڕینەوەدا.

هەر پلەیەک لەم ئاڵوگۆڕانەی بۆرژوازی، هەڵدانێکی سیاسی گونجاوی (بۆ ئەم چینە)، بە شوێنەوە بووە. ئەو کە چینێکی ستەمکێش بوو، لەژێر دەسەڵاتی نەجیبزادە فیۆداڵەکاندا، بوو بە کۆمەڵێکی چەکداری حوکمی خۆبەدەست، لە کۆمۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە شوێنێک کۆمارێکی شاری سەربەخۆ بوو (وەک لە ئیتالیا و ئەڵمانیا)، لە شوێنی تر «دەستەی سێهەمێک» بوو کە باجدەری شا بوو (وەک لە فەرەنسا)، یاخود لە دەورەی مانۆفاکتۆرەدا، بە گوێرەی پێویست، یان لە خزمەت نیمچە فیۆداڵەکاندا بوو، یان بۆ پاشایەتی ملهوڕ ببووە پارسەنگی هێزەکان لە دژی ئەشرافییەت. لەڕاستیشدا، ببووە بـەردی بناغەی پاشایەتییە گەورەکان بەگشتی. ئاخری بــۆرژوازی، دوای دامەزرانی پیشەسازی مۆدێرن و بازاڕی جیهانیدا، دەسەڵاتی سیاسی تاقانەی لە دەوڵەتی هەڵبژێردراوی مۆدێرندا، بەدەستهێنا. دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن، هیچ نییە جگە لە کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاوبەشی گشت چینی بۆرژوازی.

بۆرژوازی، لە باری مێژووییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار شۆڕشگێڕانەی گێڕاوە.
لە هەرکوێ دەستی باڵای هەبووە و کۆتایی هێناوە بە هەموو پەیوەندیی فیۆداڵی و باوکسالاری و لادێیانە، بێبەزەییانەش، هەرچی پەیوەندی جۆراوجۆری کۆمەڵگای فیۆداڵییە کە ئینسان بە سەروەرە ئاساییەکانیەوە دەبەستێت، پچڕاندووەو لەنێوان ئینسانەکاندا، هیچ پەیوەندییەکی جگە لە قازانج و مەنفەعەتی خۆ، جگە لە پارە و ئەسکەناسی بێهەست، نەهێشتووەتەوە. بەهەشتیترین کەفوکوڵی مەزهەبی و جۆشوخرۆشی سوارچاکانەو دڵناسکی بەرچاوتەنگانەی لە سەهۆڵاوی حیسابگەری خۆپەرستانەدا، نوقم کردووە. کەرامەتی کەسیی ئینسانی کردووە بە بابەتێکی کڕین و فرۆشتن. لە جیاتی گەلێک ئازادی و مافی دەستەبەرکراوی حاشا هەڵنەگر، تەنیا ئەو ئازادییە دوور لە ویژدانە، واتا ئازادی بازرگانی داناوە و بەس!. بە کورتی: لە جیاتی چەوساندنەوەیەک کە لە پەردەی خۆرافاتی مەزهەبی و سیاسییەوە پێچرابوو، چەوساندنەوەی ڕووت و بێشەرمانە و ڕاستەوخۆو دڵڕەقانەی داناوە.

سەرمایەداری، خەرمانەی ڕێزی لەو کار و پیشانەی کە تائێستا ڕێزیان لێدەگیراو بە چاوی ترس و شکۆو ڕێزەوە تەماشا دەکران، داماڵیوە. دکتۆر و قازی و قەشە و شاعیر و زانای کردووەتە کرێکاری کرێگرتەی خۆی.

سەرمایەداری، پەچەی سۆز و هەستی ناسکی لەسەر خێزان داماڵیوە و ئەم پەیوەندییەی تا پەیوەندییەکی پوڵو پارەی ڕووت، دابەزاندوە.

سەرمایەداری دەریخستووە کە چۆن ئەو خۆڕانانە دڕندانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە کۆنەپەرستان هێندەی پێدا هەڵدەڵێن، جووتی هەڵپێکراوی تەمبەڵی و تەوەزەلی بوو. ئەو، بۆیەکەمجار دەریخستووە کە کارو هەڵسوڕانی بەشەریی، دەتوانێت بەرهەم بەدیبێنێت، شتی وا سەرسووڕهێنەری

خولّقاندووه کە گەلێک شکۆدارترە لە ئەهرامی میسر و لە لولەئاوەکانی رۆم و کەنیسەکانی گۆتێ. ڕێبەری لەشکرکێشی وای کردووە کە هەرچی کۆچی نەتەوەکان و شەڕە سەلیبییەکانە، بەلایەوە بچوک دەنوێنێت.

سەرمایەداری، بێ ئاڵوگۆڕدانی شۆڕشگێڕانەو بەردەوام، بە ئامڕازی بەرهەمهێنان و لەوێشەوە بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و وێڕای ئەوانیش، بە سەرتاپای پەیوەندییەکانی کۆمەڵ، ناتوانێت بژی. لە حاڵێکدا، بە پێچەوانەوە، بەبێ ئاڵوگۆڕ هێشتنەوە شێوەی کۆنی بەرهەمهێنان، یەکەمین شەرتی مانەوەی هەموو چینە پیشەسازییەکانی پێشوو بوو.

ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و بەردەوامی بەرهەمهێنان، شێوانشێوی بێبڕانەوەی هەموو بارودۆخی کۆمەڵایەتی، پەرۆشی، دڵ لەدوایی وتەکان و وشەکانی هەمیشەیی، دەورانی بۆرژوازی لە هەموو دەورانەکانی پێشوو جیادەکاتەوە. هەموو پەیوەندییە وشک و ڕەقهەڵاتووەکانی کۆن، وێڕای چی بیروڕای موقەدەس و پەرپووتە کە لەگەڵیان بوون ڕادەماڵدرێن. چی شتی تازە بابەتیشە، پێش ئەوەی بگرسێن، کۆن دەبن. چی شتی ڕەق و پتەوە دەتوێتەوەو وەک دووکەڵ بە حەوادا دەچێت. چی شتی پیرۆزە مەلعون دەبێت و سەرەنجام مـرۆڤ ناچاردەبێت بە چـاوی کـراوەوە بڕوانێتە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیانی و پەیوندییەکانی لەگەل هاونەوعی خۆیدا.

پێویستی بۆرژوازی بە بازاڕێکی هەردەم پەرەگر بۆ بەرهەمەکانی، هەڵی دەبڕێت بە هەموو پانایی کورەی ئەرزدا، دەبێ سەربکێشێتە هەموو جێیەک لە هەموو شوێنێک مەنزڵ بگرێت و لەگەل هەموو لایەک پەیوەندی دامەرزێنێت.

بۆرژوازی، بەهۆی بەهرەکێشییەوە لە بازاڕی جیهانی، ڕووخسارێکی جیهان-نیشتمانی داوە بە بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لە هەموو وڵاتێک. بۆ

جەخاری گەورەی کۆنەپەرستان، بنەمای نەتەوەیی پیشەسازییەکانی لەژێر پێیان دەرکێشاوە. چی پیشەسازی کۆن دامەزراو و نەتەوەییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەونەمان دەچن.

جێگای ئەمانە، بە پیشەسازی مۆدێرن کە ڕەواجدانی بۆ هەموو نەتەوەکانی بەشارستانیەت، مەسەلەی مان و نەمانە، پڕ دەبێتەوە. پیشەسازی وا کە چیدی بە کەرەستەی خاوی خۆماڵییەوە بەند نییە، بەڵکو کەرەستەی خاو لە دوورترین شوێنەکانی دنیاوە ڕادەکێشێت، پیشەسازی وا کە بەرهەمەکانیان، نەک هەر لەناو وڵات، بەڵکو لە سەرانسەری گێتیدا، بەکاردەهێندرێن.

لە جیاتی پێداویستییەکانی پێشوو کە بە بەرهەمەکانی وڵات دابیندەکران، پێداویستی نوێ دەبینین کە بۆ وەڵامدانەوەیان، بەرهەمی وڵاتانی دوورەدەست و هەندەران پێویستە. لە جیاتی گۆشەگیری ناوچەیی و نەتەوەیی جاران و لە جیاتی ساچاندن بە بەرهەمی ناوخۆوە، پەیوەندی و تێکەڵاوی هەمەبارە و پێکەوەبەسترانی هەمەلایەنەی جیهانی نەتەوەکان دەبینین. ئەم ڕاستییە، لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکانیشدا هەروەک بەرهەمە ماددییەکان وایە.

خوڵقاوە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە جیاوازەکان دەبێتە دارایی هاوبەش و گشتی. شێوەییەکلایەنەو بەرچاوتەنگانەی نەتەوەیی، هەتادێت نەگونجاوتر دەبێت و لەم هەموو ئەدەبە جۆراوجۆرە نەتەوەیی و ناوچەییانە، ئەدەبێکی جیهانی سەر هەڵدەدات.

بۆرژوازی، بەم چاکسازییە خێراو گورجەی هەموو ئامرازی بەرهەمهێنان، بەم یەکجار ئاسانکاریەی ئامرازی هاتوچۆ، هەموانی، تەنانەت بێشارستانیەترین نەتەوەکانیشی، بەرە و شارستانیەت ڕاکێشاوە. نرخی هەرزانی کاڵاکانی بـۆرژوازی ئەو تۆپخانە قورسەیە کە توندترین لاساری و ڕق-لێبوونەوەی بێشارستانیەتەکان بەرانبەر بە بێگانە، ناچار بە چۆکدادان دەکات. هەموو

نەتەوەکان، لەژێر فشاری مانونەماندا، ناچار دەکات کە ملبدەن بەشێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی؛ ناچاریان دەکات ئەوەی ئەم پێیدەڵێت شارستانیەت، ببەنە نێو خۆیانەوە، بەو مەعنایەی ئەوانیش ببنە بۆرژوا. بەکورتی بڵێین، جیهانێک دەخوڵقێنێت هاوشکڵ و شێوەی خۆی!

بـۆرژوازی، دێی خستە ژێر دەسەڵاتی شارەوە؛ شاری یەکجار گەورەی خوڵقاند. دانیشتوانی شارەکانی لەچاو دێهات بەڕادەیەکی یەکجار زۆر زیاترکرد. بەوجۆرەش، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی لە گەمژەیی ژیانی لادێ ڕزگارکرد. وەک دێی کردە ملکەچی شار، وڵاتانی بێشارستانیەت و کەم شارستانیەتیشی کردە ملکەچی وڵاتانی بەشارستانیەت و نەتەوە جوتیارەکانی ملکەچی نەتەوە بۆرژواکان کرد و ڕۆژهەڵاتی کردە ملکەچی ڕۆژئاوا.

بـۆرژوازی، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر، پەرشوبڵاوی دانیشتوان، هی کەرەستەی بەرهەمهێنان و هی خاوەندارێتی دەسڕێتەوە. خەڵکی کۆکردووەتەوە. کەرەستەی بەرهەمهێنانی یەکجێ کردوەتەوە و خاوەندارەتی لە دەستی کەمایەتییەکدا کۆکردوەتەوە. دەرەنجامی ناچاری ئەوەش کۆمابوونی دەسەڵاتی سیاسییە. ناوچە سەربەخۆکان، یان ئەوانەی پەیوەندەییان سست بوو، کە قانون و حکومەت و بەرژەوەندی و سیستمی باجی جیاوازیان بوو، هەموو لەیەک نەتەوەدا لێک گرێدران، بە یەک حکومەت و یەک قانون و یەک بەرژەوەندی چینایەتی-نەتەوەیی و یەک سنوور و یەک یاسای گومرگییەوە.

بـۆرژوازی، لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەک لە دەسەڵاتی خۆی، هێزی بەرهەمهێنانی یەکجار گەورەترو گەلێک مەزنتر لە سەرجەم نەوەکانی پێشووی خوڵقاندووە. دەستەمۆکردنی هێزەکانی سروشت بۆ ئینسان، بەرهەمهێنانی مەکینەیی، بەکارهێنانی شیمی لە پیشەسازی و کشتوکاڵدا، دەریاوانی و کەشتیڕانی بەهێزی هەڵم،ڕێگای ئاسن، تەلەگرافی کارەبا، بە کێڵگەکردنی قاڕە

بەیارەکانی جیهان، کاناڵیزەکردنی چۆمەکان. ئەم هەموو جەماوەرەی خەڵک کە دەڵێی لە ئەرز هەڵقوڵیون؛ لە کامە چەرخ و سەردەمی ڕابردوودا دەیانتوانی بە خەیاڵیشیاندا بێت کە هێزی بەرهەمهێنانی ئاوەها گەورە، لە دەروونی کاری کۆمەڵایەتیدا خەوتووە؟!

بەمجۆرە دەبینین، ئەو کەرەستەی بەرهەمهێنانە و ئەو ئامرازی گۆڕینەوە و گواستنەوە کە بۆرژوازی کردیە لانکی گەشەسەندنی خۆی، لە کۆمەڵگای فیۆداڵیدا خوڵقابوون. لە پلەیەکی دیاریکراو لە پەرەگرتنی ئەم کەرەستەی بەرهەمهێنان و ئامرازی گۆڕینەوەدا، ئەو بارودۆخەی کۆمەڵگای فیۆداڵی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی تێدا بەڕێوە دەبرد، پێکهاتی فیۆداڵی کشتوکاڵ و پیشەسازی مانۆفاکتۆری، یان بڵێین پەیوەندییە فیۆداڵییەکانی خاوەندارێتی، چیدی لەگەڵ ئەو هێزە بەرهەمهێنەرە پەرەگرتووە حازرییە نەدەهاتنەوە. ئەم پەیوەندییانە، ببوونە کۆمەڵێک کۆتوبەند بۆی. دەبوا تێکبشکا یان (تێکیشکان)!

لەجیاتی ئەوانە، ململانێی ئازادانە دامەزرا کەیاسای بنچینەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی گونجاو لەگەڵ دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی چینی سەرمایەداری، بەشوێن خۆیدا هێنا.

ئاڵوگۆڕێکی هەر لەوچەشنە، خەریکە لە پێشچاوماندا ڕوودەدات. کۆمەڵگای مۆدێرنی سەرمایەداری، بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیەوە، بە گۆڕینەوە و خاوەنداریەتیەوە، کۆمەڵگایەک کە جادووگەرئاساییی، ئەم کەرەستە مەزنەی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی هێناوەتە بوون، ئێستا، هەروەک ئەو سیحربازەی لێهاتووە کە چیدی ناتوانێت ئەو هێزانەی بە وێرد و تەلیسمی خۆی لەژێر ئەرزەوە دەریکێشاون، کۆنترۆڵ بکات. دەیان ساڵە کە مێژووی پیشەسازی و بازرگانی، هەر بریتیە لە مێژووی هەڵچوونی هێزە بەرهەمهێنەرە مۆدێرنەکان دژی پەیوندی مۆدێرنی بەرهەمهێنان؛ دژی ئەو پەیوندییە خاوەندارێتییە کە

هەلومەرجی هەبوونی سەرمایەداری و دەسەڵاتی سەرمایەدارین.

هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو قەیرانە بازرگانییانە بکەین کە بە سەرهەڵدانی ناوبەناو، یان بەردەوام، هەتادێت پڕمەترسیتر، هەڕەشە لە مانی سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەن. لەم قەیرانانەدا، هەرجارە، نەک هەر بەشێکی زۆروزەوەند لە بەرهەمی حازری، بەڵکو بەشێکی گەورە لەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی لەمەوبەریش لەناو دەچن. لەم قەیرانانەدا، پەتایەک دادەکەوێت کە هەرگیز لە هیچ سەردەمێکی پێشوودا گونجاوی عەقڵی کەس نەبوو، ئەویش پەتای زێدەباییە!

کۆمەڵ، ناکاو، خۆی دەبینێت کە هەتا بارودۆخێکی کاتی بەربەرییەت، بەرەو پاشڕاکێشراوە. چما، قاتووقڕییەک داکەوتووە، چما شەڕێکی گشتی ماڵوێرانکەر کۆمەڵگای لە گشت سەرچاوەیەکی بژیو بێبەش کردووە!. دەڵێی پیشەسازی و بازرگانی هەرنەماون. ئاخر بۆچی؟ چونکە یەکجارزۆر شارستانییەت، یەکجار زۆر پێداویستی گوزەران، یەکجار زۆر پیشەسازی، یەکجار زۆر بازرگانی لە ئارادایە!

ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی لەبەردەستی کۆمەڵدان، چیدی بە کاری پەرەسەندنی بارودۆخی خاوەندارییەتی بۆرژوایی نایەن، بە پێچەوانە زیاد لە ئەندازەی ئەم بارودۆخە بەهێز بوون، بە جۆرێک کە بارودۆخەکەیان لێبووەتە کۆتوبەند. هەر ئەوەندەش بەسەر ئەم کۆتوبەندەدا زاڵبوون، پەرێشانی دەخەنە سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمایەداری و مان و هەبوونی خاوەندارییەتی سەرمایەداری دەخەنە مەترسییەوە. بارودۆخی کۆمەڵگای سەرمایەداری، یەکجار تەنگەبەرترە لەوەی کە ئەو سامانەی دەیخوڵقێنێت، تێیدا بگونجێت.

دەی، بۆرژوازی چۆن بەسەر ئەو قەیرانانەدا زاڵ دەبێت؟ لە لایەکەوە، بە فەوتاندنی زۆرەملێی کۆمەڵ-کۆمەڵ لە هێزە بەرهەمهێنەرەکان، لە

لایەکیترەوە، بە داگیرکردنی بازاڕی تازە و بەهرەکێشانەوەی زیاتر لە بازاڕی کۆن. یان بڵێین: بەڕێگا کردنەوە بۆ قەیرانی گەورەتر و بە کەمکردنەوەی ئەو کەرەسانەی بۆ پێشگرتن لە قەیران بەکاردێن!

ئەو چەکانەی بۆرژوازی، فیۆداڵیزمی پێڕووخاند، ئەوێستا، وەرگەڕاوەتەوە لە دژی خۆی. بۆرژوازی، نەک هەر ئەو چەکانەی دەمەزەرد کردووەتەوە کە سەرەنجامی نەمان دەکاتە چارەنووسی، بەڵکو ئەو کەسانەش کە ڕووی ئەو چەکانەی تێدەکەن واتا چینی مۆدێڕنی کرێکار، پرۆلیتاریای هێنایە بوون.

پێبەپێی گەشەی بۆرژوازی، یان بڵێین سەرمایە، پرۆلێتاریاش واتا چینی کرێکاری نوێش گەشە دەکات، چینێک لەکرێکاران کە تەنیا کاتێک دەتوانن بژین کە کار پەیدا بکەن، کاتێکیش دەتوانن کار پەیدا بکەن کە بەکارکردنەکەیان، سەرمایە زیاد بکات. ئەم کرێکارانە کە ناچارن ڕێزە-ڕێزە، خۆیان بفرۆشن، کوتاڵن؛ وەک هەرکەلوپەلێکی بازرگانی. هەر بەم بۆنەشەوە، دەکەونە بەر هەموو پێشبڕکێ و هەموو هەڵچون و داچویەکی بازاڕ.

بەبۆنەی بەکارهێنانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری مەکینە و بەبۆنەی دابەشبوونی کارەوە، کاری کرێکار، هەرچەشنە لایەنێکی کەسایەتی لێدا ڕووتاوە. بۆیەش هیچ خۆشیەکی بۆ کرێکار تێدا نەماوە. کرێکار دەبێتە پاشکۆیەکی مەکینە و ساکارترین و یەکهەواترین و ئاسان فێربووترین کاری لێچاوەڕوان دەکرێت. بۆیە، بەهای بەرهەمهێنانی کرێکارێک، کەم تا زۆر، لە بەهای کەرەسەی گوزەران بۆ مانەوەی خۆی و بۆ زێووزیوی نەوەی، ناترازێت، بەڵام نرخی هەر کوتاڵێک، هەر بەوپێیەش نرخی کار بەقەد بەهای بەرهەمهێنانەکەیەتی. بۆیە، هەرچەندە کارەکە ناخۆشتر دەبێت، کرێ کەمتر دەکات. لەوەش واوەتر، هەرچەندە بەکارهێنانی مەکینە و دابەشبوونی کار زیاد دەکات، قورسایی کاریش بەوپێیە دەچێتە سەر،ئیتر چ بە درێژەدانی سەعاتی کار بووبێت یان

به زیاترکردنی بڕی کار لەکاتی دیاریکراودا، یان بەهۆی خێراترکردنی گەڕانی مەکینەکان، یان هۆی دیکە.

پیشەسازی مۆدێرن، کارگەی بچوکی وەستای باوکسالاری گۆڕیوە بە کارخانەی گەورەی سەرمایەداری پیشەسازی. کۆمەڵانی کرێکار کە لە کارخانەکان کۆکراونەوە، وەکو سەرباز، ڕێکخراون. وەکو کەسانی لەشکری پیشەسازی خراونەتە ژێر فەرمانی هیرارکییەکی تەواو لە ئەفسەران و چاوەشان.

ئەوان، نەک هەر کۆیلەی چینی سەرمایەداران و دەوڵەتی سەرمایەدارانن، بەڵکو ڕۆژانەو سەعات بە سەعات، دەبنە کۆیلە بۆ ماشین و بۆ چاودێر و لە سەرووی هەموانەوە، بۆ هەمان کەسی بۆرژوای خاوەن کارخانە. ئەم ملهوڕییە، هەرچەندە بەئاشکراتر ڕایبگەیەنێت کە سەرەنجام و ئامانجی قازانج بردنە، هەر بەوڕادەیەش سپڵەتر و قیزەونترە و زیاتر جێی بێزارییە.

هەرچەندە کارامەیی و زۆری بازوو لە کاری دەستیدا، کەمتر پێویست بێت، بە واتایەکیتر، هەرچەندە پیشەسازی مۆدێرن زیاتر گەشە بکات، زیاتر، کاری ژن و کاری منداڵ جێگای کاری پیاو دەگرێتەوە. جیاوازی تەمەن و ڕەگەز ، چیدی هیچ جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی بۆ چینی کرێکاری تێدا نییە. گەورە تا بچوک، سەرجەم کەرەسە و ئامێری کارکردنن، گرانتر یا هەرزانتر، بە گوێرەی تەمەن و جنس بەکاردەهێنرێن.

هەر ئەوەندەش، چەوساندنەوەی کارگەر لەلایەن خاوەنکارەوە گەیشتە ئەنجامێک کە کرێی خۆی بە پارە وەرگرت، ئەمجا دەکەوێتە بەر هێرشی بەشەکانی تری بۆرژوازی وەک خاوەنماڵ، دووکاندار، بارمتەگیرو ئەوانیتر. توێژە خوارەوەکانی چینی ناوەنجی، خاوەن کارگای بچوک، وردەبازرگان و دوکاندار و پیشەوەری بەرشکستە، بە گشتی پیشەسازیە دەستییەکان و جوتیاران، هەموو ئەمانە وردە وردە، دادەبەزنە نێو پرۆلیتاریاوە. هەندێکیان

لەبەر ئەوەی سەرمایە لاوازەکانیان ڕەسایی بەرپاکردنی پیشەسازی مۆدێرن، لەو قەوارەیەدا ناکاتْ و لە پێشبڕکێ لەگەڵ سەرمایەدارە گەورەکاندا لێکەوتوون، هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی کە شارەزاییە تایبەتییەکانیان، بەهۆی شێوازە تازەکانی بەرهەمهێنانەوە، کەڵکی نامێنێتْ. بەمجۆرە، پرۆلیتاریا هێز لە هەموو چینەکانی کۆمەڵ دەگرێتْ.

پرۆلیتاریا بە قۆناغی جۆراوجۆری گەشە و هەڵدانددا تێدەپەڕێتْ. هەر لە سەرەتای بوونیەوە خەباتی دژی بـۆرژوازی دەستْ پێدەکاتْ. سەرەتا ناڕەزایی دەربڕینە لەلایەن تاکە کەسی کرێکارەوە. پاشان لەلایەن کرێکارانی کارخانەیەکەوە، ئەمجار کرێکارانی ڕستەیەکی پیشەسازی لە ناوچەیەکدا دژی فڵانە تاکەکەسی بۆرژوا کە ڕاستەوخۆ دەیان چەوسێنێنەوە، خەباتْ دەکەن. ئەوان ڕووی هێرشی خۆیان ناکەنە بارودۆخی بۆرژوایی بەرهەمهێنان، بەڵکو ڕووی دەکەنە خودی کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئەو کوتاڵانە لەناودەبەن کە هـاوردەی دوورن و پێشبڕکێ دەکەن دژی بەرهەمی کارییان، مەکینەکان وردوخاش دەکەن، ئاگر بە کارخانەکانەوە دەنێن و دەیانەوێتْ بەزۆر، جێگای لەدەستچووی کرێکاری سەدەکانی ناوەڕاستْ بەدەستبێننەوە.

لەم قۆناغەدا، کرێکاران هێشتا جەماوەرێکی ناتەبان کە لە سەرانسەری وڵاتدا پەرشوبڵاون، لەبەر پێشبڕکێی دژی یەکتریش دابەشبوون. لە هەر شوێنێکیش یەکیانگرتووە کە وەک کۆمەڵێکی یەکپارچەیان لێبێتْ، هێشتا دەرەنجامی هەڵسوڕانی یەکگرتووی خۆیان نەبووە، بەڵکو هی یەکگرتوویی بۆرژوازی بووە، ئەو چینەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ناچاربووە هەموو پرۆلیتاریا بجووڵێنێتْ و هێشتاش توانای ئەوکارەی هەیە.

کەوایە لەم قۆناغەدا، پرۆلیتەرەکان دژی دوژمنانیان خەباتْ ناکەن، بەڵکو دژی دوژمنانی دوژمانیان، دژی پاشماوەی پاشایەتی ملهوڕ، خاوەن موڵکەکان،

بۆرژوازی غەیرەپیشەسازی و دژی وردەبۆرژوازی، خەبات دەکەن. بەمجۆرە، سەرتاپای بزووتنەوە مێژووییەکە لەدەستی بۆرژوازیدا کۆدەبێتەوە. هەر سەرکەوتنێک لەم حاڵەدا، سەرکەوتنێکە بۆ بۆرژوازی.

بەڵام لەگەل هەڵدانی پیشەسازی، پرۆلیتاریا، نەک هەر بەژمارە زیاد دەکات، بەڵکو لە کۆمەڵانی گەورەتردا کۆدەبێتەوە و بەهێزتر دەبێت و زیاتر لە جارانیش هەست بەو بەهێزبوونە دەکات. قازانج و بەرژەوەندی و هەلومەرجی جۆراوجۆری ژیان، لەنێو بەشەکانی چینی کرێکاردا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر یەکسان دەبێتەوە، هەرچەندی مەکینە، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر فەرقی کارەکان دەسڕێتەوە، کەم تا زۆر لەهەموو شوێنێکش کرێی کاری هەموان، تا ئاستێکی نەوی دادەشکێنێت. ململانێی پەرەگر لەنێو بۆرژواکاندا و قەیرانی بازرگانی کە بە شوێنیدا دێت، کرێی کرێکاران لە جاران زیاتر بێهێزوپێز دەکات.

هەڵدانی خێرا و چاکسازی بێوچانی مەکینە، گوزەرانیانی زیاترو زیاتر پڕ مەترسی کردووە. تێکهەڵچوون لەنێوان تاکە کەسانی کرێکار و بۆرژوادا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر، کاراکتەری تێکهەڵچوونی نێوان دووچین پەیدا دەکات. بۆیەش، کرێکاران دەست دەکەن بە یەکگرتن دژی بـۆرژوازی (سەندیکا، نەقابە). یەکدەگرن تا ئاستی کرێ لە سەرەوە ڕاگرن، تەنانەت کۆمەڵەی دایمی بۆ ئامادەکاری پێشاوپێشی ئەم تێکهەڵچوونە ناوبەناوانە، پێکدێنن. لێرەو لەوێ، خەبات دەتەقێتەوە و دەبێت بە شۆڕش.

جار جـارە، کرێکاران سەردەکەون، بەڵام هەر ماوەیەکە. بەرهەمی راستەقینەی خەباتەکەیان نەک لە دەسکەوتە فەورییەکاندا، بەڵکو لە یەکیەتی بەردەوام-پەرە ئەستێنی کرێکاراندایە. ڕێگای ئەم یەکیەتیە، بە کەرەستەی پەیوەندی پێشکەوتوو خۆشبووە کە خۆی خوڵقاوی پیشەسازی مۆدێرنە و کرێکارانی هەرێمە جۆراجۆرەکان لێک گرێدەدات. ئەمە، هەر ئەو پەیوەندییە

بوو کە پێویست بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک خەباتی جۆراوجۆر، بەڵام گشت لەیەک کاراکتەر، لە ئاستی نەتەوەییدا و لە نێوان چینەکاندا، یەکانگیر بکات، بەڵام هەر خەباتێکی چینایەتی، خەباتێکی سیاسییە. ئەو یەکیەتیەش کە شارنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەورازی مەینەتبار و دواکەوتووی ئەو کاتدا بە سەدان ساڵ پێی گەیشتن، پرۆلیتاریای مۆدێرن، لە سایەی ڕێگا ئاسنەکانیەوە، بە چەند ساڵێک پێی دەگات.

ئەم قەوارە گرتنەی پرۆلیتاریا وەکو چینێک و دواییش وەکو حزبێکی سیاسی، بەردەوام بەهۆی ململانێی نێوان کرێکاران خۆیانەوە، تووشی گیرو گرفت دەبێت. بەڵام هەمیشەش، سەرلەنوێ، بەهێزترو پتەوترو گەورەتر سەرهەڵدەداتەوە. بە کەڵکوەرگرتن لە کێشەو ناکۆکی نێوان بۆرژوازی، ناچاری دەکات هەندێک لە داخوازەکانی کرێکاران بە یاسا، بەڕەسمی بناسێت، وەک چۆن قانونی ڕۆژکاری 10 سەعاتی لە ئینگلیزدا سەپێندرا.

تێکهەڵچوونی نێوان چینەکانی کۆمەڵگای کۆن، بەشێوەی جۆراوجۆر، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی پرۆلیتاریا خێراتر دەکاتەوە. بـۆرژوازی، خۆی لە شەڕێکی بێبڕانەوەدا دەبینێت، یەکەم دژی ئەرستۆکراسی، پاشانیش دژی ئەو بەشانە لە بۆرژوازی خۆی کە قازانجیان لەگەڵ ڕەوتی پیشەسازی ناتەبایە و بەردەوامیش، دژی بۆرژوازی وڵاتانی بێگانە. لە هەموو ئەم شەڕانەشدا خۆی بە ناچار دەبینێت پەنا بەرێتە بەر پرۆلیتاریاو داوای یارمەتی لێبکات و بەوجۆرەش بیکێشێتە مەیدانی سیاسەتەوە. بۆیە، بۆرژوازی خۆی، پرۆلێتاریا هەربەو بنچینە پەروەردەییە سیاسی و گشتییانەی خۆی تەیار دەکات. بە واتایەکی تر؛ پرۆلیتاریا، بەو چەکانە تەیار دەکات کە بۆ خەبات لە دژی بۆرژوازی پێویستە.

ســەرەڕای ئــەوەش، هــەروەک ئاێستا دیومانە، بەهۆی پێشکەوتنی

پیشەسازییەوە، کۆمەڵ-کۆمەڵ لە چینی دەسەڵاتدار، بەرەو ناو پرۆلیتاریا ڕاماڵ دەنرێن، یان هیچ نەبێت، بارودۆخی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەمانەش، دیارە بنچینەی نوێی ڕۆشنبیری و پێشکەوتن دەبەنە نێو پرۆلیتاریاوە. سەرئەنجام، کاتێک خەباتی چینایەتی لە هەلی یەکجاری نزیک دەبێتەوە، ڕەوتی هەڵوەشانی نێو چینی دەسەڵاتدار و هەموو کۆمەڵگای کۆن وەها توند و پڕخرۆش دەبێت کە بەشێکی بچوک لە چینی دەسەڵاتدار، خۆی لێ جیا دەکاتەوە و پەیوەست دەبێت بە چینی شۆڕشگێڕ، چینێک کە دواڕۆژ لە دەستی دایە. وەکچۆن لە دەورەیەکی ڕابردوودا، بەشێک لە ئەشراف چوونە ناو بۆرژوازییەوە، ئەمجارەش بەشێک لە بۆرژوازی دەچنە ناو پرۆلیتاریاوە، بەتایبەت ئەو بەشە لە تێگەیشتوانی بـۆرژوازی کە خۆیان تا ئەو ڕادەیە هەڵهێناوە کە لە باری تیۆریکەوە، لە سەرجەمی بزووتنەوەی مێژوو تێبگەن.

لەناو هەموو ئەو چینانەدا کە ئەم ڕۆڕووبەڕووی بۆرژوازی ڕاوەستاون، تەنیا پرۆلیتاریا چینێکی بەڕاستی شۆرشگێڕە. چینەکانی تر، لەبەرانبەر پیشەسازی مۆدێرندا، دادەمرنەوە و سەرئەنجام دەفەوتێن، بەڵام پرۆلیتاریا، بەرهەمی تایبەت و ڕۆڵەی ڕەسەنی پیشەسازی مۆدێرنە.

توێژەکانی خوارەوەی چینی ناوەنجی، خاوەن کارگە چکۆلەکان، دوکانداران، پیشەوەران، جوتیاران، هەموویان لە دژی بۆرژوازی خەباتدەکەن بۆئەوەی لەناو نەچن و خۆیان وەک بەشێک لە چینی ناوەنجی بپارێزن. هەربۆیەش ئەوانە شۆڕگێڕ نین، بەڵکو پارێزکارن، لەوەش واوەتر، کۆنەپەرستن، چونکە دەیانەوێت چەرخی مێژوو بەرەوپاش بسووڕێنن!، ئەگەر بێت و ئەوانە بە شۆڕشگێڕ دابنێین، تەنیا بەو بۆنەوەیە کە دواڕۆژیان گرێبەستی پرۆلیتاریایە. لەوحاڵەشدا، نەک بەرژەوەندی ئێستایان، بەڵکو بەرژەوەندی دواڕۆژیان دەپارێزن. ئەوان واز لە ڕوانگەی خۆیان دێنن تا خۆیان بخەنە ڕوانگەی پرۆلێتاریاوە.

لۆمپەن پرۆلیتاریا، خڵتەی کۆمەڵ، ئەو جەماوەرە سست و داڕزیوەی فڕێدراوەتە خواروونترین توێژی کۆمەڵگای کۆن، ڕەنگە لێرەو لەوێ بە شۆڕشێکی پرۆلیتاری بەرەو بزووتنەوە ڕاکێشرێت، بەڵام بارودۆخی ژیانی بەرەو ئەوەی دەبات کە داردەستێکی پیلانی کۆنەپەرستانە بێت.

کاتێک پرۆلیتاریا لە ئارادایە، ئیتر بارودۆخی گشتی کۆمەڵگای کۆن لەنێوچووە. پرۆلێتاریا خاوەنی هیچ نییە. پەیوەندی لەگەل هاوسەر و منداڵانی، ئیتر هیچی لە پەیوەندی خێزانی بۆرژوایی ناچێت. کاری پیشەسازی مۆدێرن، دەستە نەخواربوونی مۆدێرنی سەرمایە لە ئینگلیز بێت یان لە فەرەنسا، لە ئەمەریکا بێت یان لە ئەڵمانیا، هەموو چەشنە نیشانەیەکی کاراکتەری نەتەوایەتی، لە پرۆلیتاریا داڕووتاندووە. قانون، ئەخلاق، مەزهەب، لەچاو ئەوەوە کۆمەڵێک پێشداوەری بۆرژوایین کە کۆڵێک قازانج و مەسڵەحەتی بۆرژوازی لە پشتیانەوە حەشاردراوە.

هەموو چینەکانی پێشوو کە بوونەتە باڵادەست، تێکۆشاون کە بە دەستە نەخوار کردنی هەموو کۆمەڵ، بەرانبەر بە شێوە و ڕەوشتی خاوەنداریەتی، ئەو جێگاو حاڵەی دەستیانکەوتووە، سەقامگیری بکەن. پرۆلیتارەکان ناتوانن ببنە جڵەوداری هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵ مەگەر بە لەناوبردنی شێوەی خاوەنداریەتی خۆیان و پێش خۆیان و دیارە هەموو شێوەکانی پێشووتری خاوەندیەتیش. ئەوان، هیچ داراییەکی تایبەت بە خۆیان نییە، کە بیپارێزنیان هۆشیان پێوەبێت. ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە هەرچی تائێستا خاوەنداریەتی تایبەتی پاراستووە و زەمانەتی کردووە، لەناوببەرن.

چی بزووتنەوەی مێژوویی هەتا ئێستابووە، بزووتنەوەی کەمایەتییەکان بوون یان لە بەرژوەندی ئەواندا بوون. بزووتنەوەی پرۆلیتاریا، بەڵام، بزووتنەوەی لەخۆ وشیار و سەربەخۆی زۆربەی هـەرەزۆری کۆمەڵە و

لە بەرژەوەندی ئەواندایە. پرۆلیتاریا کە بناغەی هەرەژێرەوەی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە، ناتوانێت ببزوێت، ناتوانێت خۆی هەستێنێتەوە، بێئەوەی تەواوی ئەو چین لەسەر چینانەی ژووروو کە سوارییەکتر بوون و کۆمەڵگای ڕەسمی پێکدێنن، بە حەوادا بباتە.

هەرچەند لە ناوەرۆکدا نا، بەڵام لە ڕواڵەتدا جارێ خەباتی پرۆلیتاریا دژی بـۆرژوازی، خەباتێکی نەتەوەییە. پرۆلیتاریای هەروڵاتێک، دیارە دەبێت، پێش هەموو شتێک حیساب لەگەل بۆرژوازی خۆی راست بکاتەوە.

ئێمە، وێڕای ڕوونکردنەوەی گشتیترین قۆناغەکانی ڕەوتی گەشەکردنی پرۆلیتاریا، ئەو شەڕە ناوخۆییە کەمتازۆر شاراوەی ناو کۆمەڵی ئێستامان خستە بەرچاو. هەتا ئەو جێگایەش شوێنمان هەڵگرت کە ئەو شەڕە، بە شۆڕشێکی ئاشکرا دەتەقێتەوە و بەزۆر تێکڕووخاندنی بۆرژوازی، بناغەی دەسەڵاتدارەتی پرۆلیتاریا دادەڕێژێت.

وەک باسمانکرد، تاکو ئێستا بنەمای هەرچی جۆرە کۆمەڵگا بووبێت، لەسەر دژایەتی نێوان چینە زۆردارەکان و چینە زۆرلێکراوەکان بووە، بەڵام بۆ ئەوەی چینێک زۆری لێبکرێت، دەبێت بارودۆخێکی وا پێک بهێندرێت کە ئەو چینە بتوانێت، هیچ نەبێت وەک کۆیلە، تێیدا گوزەران بکات. ڕەعیەت لە دەورەی دەرەبەگیدا تەقەللایداو بوو بە ئەندامی کۆمۆن. هەروەک وردەبـۆرژوا، لەژێر نیری ملهوڕی فیۆداڵیدا توانی تا ڕادەی بۆرژوایەک هەڵبدات. کرێکاری مۆدێرن، بە پێچەوانە لەجیاتی هەڵدان لەگەل ڕەوتی پیشەسازی، ڕۆژ لە ڕۆژ بەرەو ئاستێکی نەویتر لە گوزەرانی چینی خۆی دادەخزێت. ئەو ڕووت و ڕەجاڵ دەبێت و هەژاریش زۆر خێراتر لە ژمارەی نفوس و لە سەروەت و سامان، پەرەدەستێنێت. لێرەشەوە دیارە کە بۆرژوازی چیدی ناتوانێت چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵ بێت و هەلومەرجی مانەوەی خۆی وەکو یاسای زاڵ بەسەر کۆمەڵدا، داسەپێنێت.

بـۆرژوازی، ناتوانێت حکومەت بکات، چونکە ناتوانێت بۆ کۆیلەکەی، ژیانێکی وەک کۆیلەش دابین بکات، چونکە ناتوانێت نەهێڵێ کۆیلەکەی بکەوێتە حاڵێکەوە کە لەجیاتی ئەوەی ئەم نانی خۆی لە کۆیلەکەی دابین بکات، ناچاربێت خۆی نانی کۆیلەکەی بدات. کۆمەڵ چیدی ناتوانێت لەژێر دەسەڵاتی ئەم بۆرژوازییەدا بژی؛ بە واتایەکیتر: چیدی هەبوونی (بۆرژوازی) لەگەل کۆمەڵدا نایەتەوە.

مەرجی پێویست بۆ هەبوون و دەسەڵاتدارەتی چینی بۆرژوا، پێکهاتن و کۆمابوونی سەرمایەیە. مەرجی هەبوونی سەرمایەش کاری کرێگرتەیە. کـاری کرێگرتەش بەستراوە، تەنیا، بە ململانێی نێوان کرێکارانەوە. پێشکەوتنی پیشەسازی کە بـۆرژوازی بەبێ ویستی خۆی بەرێوەی دەبات، یەکیەتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران کە بەرهەمی لێککۆوەبوونیانە، دەنێتە جێی بەربەرەکانێیان و پەرشوبڵاوییان.

بۆیە، گەشەی پیشەسازی نوێ، لە ڕیشەی بۆرژوازی دەدات و بەردی ئەو بناغەیە دەردێنێت کە بۆرژوازی، بەرهەمهێنان و تاقەتکردنی بەرهەم و سەروەتەکەی لەسەر دامـەزرانـدووە. بەمجۆرە،ئەوەی بـۆرژوازی پێش هەمووشتێک، بەرهەمی دێنێت، گۆڕهەڵکەنانی خۆیەتی ڕووخانی بۆرژوازی و سەرکەوتنی پرۆلێتاریا، وەکو یەک مسۆگەرە.

**کرێکاران و کۆمۆنیستەکان**

هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان، بەرانبەر بە کرێکاران بەگشتی، دەبێت چی بێت؟ کۆمۆنیستەکان، حزبێکی جیاواز بەرانبەر باقی حزبەکانی چینی کرێکار پێک ناهێنن. ئەوان، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی و جیاواز لە بەرژوەندی کارگەرانیان نییە. ئەوان لە خۆوە هیچ چەشنە شێوازێکی گرووپی ناهێننە

کایەوە کە بزووتنەوەی کارگەری پێ بخەنە قاڵبەوە.

جیاوازی کۆمۆنیستەکان، لەباقی حزبەکانی چینی کرێکار تەنیا لەوەدایە کە:

1. لە خەباتی نەتەوەیی پرۆلیتاریای وڵاتانی جۆراوجۆردا، ئەوان، لە هەر نەتەوەیەک بن، بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو چینی کرێکار دەبینن و دەیخەنە پێشچاو.

2. لەو پلە جۆراوجۆرانەی پێشڕەوی و هەڵداندا کە خەباتی چینی کرێکار دژی بۆرژوازی دەبێت لێی تێپەڕبێت، ئەوان هەمیشەو لە هەر شوێن قازانج و مەسڵەحەتی سەرتاپای بزووتنەوەکە بە تێکڕا، دەخەنە بەرچاو.

بەمجۆرە، کۆمۆنیستەکان لەلایەکەوە بە کردەوە، پێشڕەوترین و لێبڕاوترین بەشی حزبەکانی چینی کرێکاری هەروڵاتێکن. ئەوبەشەی کە هەموو بەشەکانیتر، بەرەوپێش، پاڵ پێوە دەنێت. لە لایەکیترەوە، بە تیۆری سەر باقی جەماوەری گەورەی پرۆلیتاریا، لەڕێگا و ڕەوت و بارودۆخ و دەسکەوتە گشتی و مەزنەکانی بزووتنەوەی کارگەری، بە ڕۆشنی تێدەگەن.

نزیکترین ئامانجی کۆمۆنیستەکان، هەروەک باقی حیزبە کرێکارییەکان وایە: ڕێکخستنی پرۆلێتاریا لە شێوەی چینێکدا کە سەرکردایەتی بۆرژوازی بڕووخێنێت و دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت.

دەرەنجامە تیوریکەکانی کۆمۆنیستەکان بە هیچ جۆرێک لەسەر بیروڕا و ئوسوڵێک دانەنراوە کە ئەم یا ئەو چاکخوازی جیهان دایهێنابێیان دۆزیبێتیەوە. ئەو تیۆرییانە، تەنیا، ڕوونکردنەوەی گشتی ئەو پەیوەندییە راستەقینانەن کە لە خەباتێکی چینایەتی حازر، لە بزووتنەوەیەکی مێژوویی کە لەپێش چاوماندا دەگۆزەرێت، دەوەشێتەوە. هەڵوەشاندنی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی سەردەم، تەنیا تایبەتمەندی پیناسەی کۆمۆنیزم نییە.

هەموو پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی لە ڕابردوودا، بێوچان دەسکایەی ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییە بوون کە خۆی دەرەنجامی گۆڕانی بارۆدۆخی مێژوویی بووە. بۆ نموونە، شۆڕشی فەرەنسا، کۆتایی هێنانە بە خاوەندارێتی فیۆداڵی لە بەرژەوەندی خاوەندارێتی بۆرژوازیدا.

ئەو تایبەتمەندییەی کۆمۆنیزم دەناسێنێت، کۆتایی هێنان بە خاوەندارێتی بەگشتی نییە، کۆتایی هێنانە بە خاوەندارێتی بۆرژوایی. بەڵام خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوایی مۆدێرن ئاخرین و تەواوترین نموونەی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی بەرهەمە کە لەسەر ئەساسی دژایەتی چینایەتی، لەسەر چەوساندنەوەی زۆربە لەلایەن کەمینەوە، دامەزراوە. بەم بۆچوونە، دەکرێت تیۆری کۆمۆنیستەکان لەم دەستەواژەیەدا کورت بکەینەوە: کۆتایی هێنان بە خاوەندارێتی تایبەتی.

ئێمەی کۆمۆنیست لۆمە دەکەین کە گوایە دەمانەوێت ئەو مافی خاوەندارێتی شەخسییە، ئەوەی بەرهەمی کاری کەسەکە خۆیەتی لەناو دەبەین، ئەوەی دەڵێن بنچینەی هەموو ئازادییەکی شەخسی، هەموو هەڵسوڕانێک و سەربەستییەکە: خاوەندارێتی بەرهەمی ڕەنجی شان و تێکۆشانی شەخسی و لێهاتوویی شەخسی.

ئایا قسە لە خاوەندارێتی پیشەوەرانی بچوک و خاوەندارێتی جوتیارانی فەقیرە؟ ئەو شێوە لە خاوەندارێتی کە پێشخاوەندارێتی بۆرژوایی هەبووە؟ ئەوە خۆ پێویست ناکات لەناوبرێت، هەڵدانی پیشەسازی، هەرئێستا، بەشێکی زۆری لەناوبردووە و خەریکیشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەناوی دەبات.

یان قسە لە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوایی مۆدێرن دەکەن؟ بەڵام ئایا کاری کرێگرتە هیچ چەشنە خاوەندارێتییەک بۆ کرێکار پێکدێنێت؟ بایی پووشێکیش کاری کرێگرتە، سەرمایە پێکدێنێت، واتا ئەوچەشنە لە خاوەندارێتی کە کاری

کرێگرتە دەچەوسێنێنەوە، کە ناشتوانێت زیاد بکات مەگەر لە هەلومەرجێکدا کە دیسان کاری کرێگرتە پێکبێنێت بۆ چەوساندنەوەی سەرلەنوێ. خاوەنداریەتی لەم شێوەی حازریدا، لەسەر دژایەتی نێوان سەرمایەو کاری کرێگرتە وەستاوە. با سەرنجێک بدەینە هەردووباری ئەم ناتەباییە:

سەرمایەدار بوون، تەنیا پلەوپایەیەکی شەخسی نییە، بەڵکو، پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیشە لە بەرهەمهێناندا. سەرمایە، بەرهەمێکی کاری کۆمەڵایەتییە و تەنیا بەکاری هاوبەشی گەلێک لە ئەندامانی کۆمەڵ، باشیش سەرنجی بدەین، لەوەش واوەتر، تەنیا بەکاری هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەتوانێت بکەوێتە گەڕ.

بۆیە، سەرمایە، نەک هێزێکی شەخسی، بەڵکو هێزێکی کۆمەڵایەتییە. بەمجۆرە، کاتێک سەرمایە، دەکەوێتە خاوەنداریەتی ئیشتراکیە وە خاوەنداریەتی هەموو ئەفرادی کۆمەڵەو لەو حاڵەدا، خاوەنداریەتی شەخسی نەگۆڕاوە بە خاوەنداریەتی کۆمەڵایەتی. هەرتەنیا کاراکتەری کۆمەڵایەتی خاوەندارەتییەکە گۆڕاوە، کاراکتەرە چینایەتییەکەی لەدەستداوە.

ئێستا، بچینە سەرباسی کاری کرێگرتە:

نرخی ناوەنجی کاری کرێگرتە، بریتییە لە لانیکەمی کرێ، واتا ئەو ئەندازەیە لە کەرەستەی گوزەران کە تەنیا بژێوی ڕووتی ئەو، وەکو کرێکارێک دابین بکات. کەوایە، ئەوەی کاری کرێگرتە بە بەرهەمی کارەکەی دەتوانێت بەدەستی بێنێت، تەنیا بەشیگوزەرانە ڕووتیەکەی دەکات و درێژەدان بەو گوزەرانە. ئێمە، بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت ئەم خاوەنداریەتیە شەخسییە کە بەرهەمی کارە، کە بۆ گوزەران و درێژەدان بە ژیانی مرۆڤ پێویستە، کە زیادییەکی لێ نامێنێتەوە تا کاری کەسانیتری پێ داگیربکرێت، هەڵوەشێنینەوە. هەموو ئەو شتەی کە ئێمە دەمانەوێت نەمێنێ کاراکتەری مەینەتبارو بێزاریهێنەری

ئەمجۆرە خاوەنداریەتیەیە کە لە سایەیدا، کرێکار هەرتەنیا بۆیە دەژی کە سەرمایە زیاد بکاث و تەنیا ئەوەندەش زیندووە کە قازانجی چینی دەسەڵاتدار پێویستی پێبێث.

لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، کاری زیندوو، هەرتەنیا ئامرازێکە بۆ زیاتربوونی کاری کۆمابوو. لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، کاری کۆمابوو، تەنیا ئامرازێکە بۆ ئاسوودەیی و بەهرەمەندی و تێروتەسەلی گوزەرانی کرێکار. کەوایە، لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا، ڕابردوو حوکم بەسەر ئێستادا دەکاث، لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، ئێستا حوکم بەسەر ڕابوردوودا دەکاث. لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا، سەرمایە سەربەخۆیە و خاوەنی کەسایەتییە، لە حاڵێکدا، ئینسانی زیندوو دەستەنەخوارە و بێ کەسایەتییە.

لەناوبردنی ئەم بارودۆخەیە کە بۆرژوازی پێیدەڵێث لەناوبردنی کەسایەتی و ئـازادی! ڕاستیش دەکـاث، بێگومان قسە لەسەر لەناوبردنی کەسایەتی بۆرژوایی، سەربەخۆیی بۆرژوایی و ئازادی بۆرژواییە! مەبەسث لە ئازادی، لە پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئێستادا، ئازادی بازرگانی، ئازادی کڕین و فرۆشتنە.

بەڵام ئەگەر کڕین و فرۆشتن لەناوچوو، دیارە کڕین و فرۆشتنی ئازادانەش لەناو دەچێث. قسەوباس سەبارەث بە ئازادی کڕین و فرۆشتن و قسەی زلی لەم چەشنەی بۆرژوازییەکەمان سەبارەث بە ئازادی بە گشتی، ئەگەر مانایەکی هەبێث، تەنیا بەرانبەر بە کڕین و فرۆشتنی بەرتەسک و سەبارەث بە بازرگانانی بێدەرەتانی سەدەکانی ناوەڕاسث مانای هەیە، بەڵام کاتێک ڕووبە ڕووی ئەم مەبەستە کۆمۆنیستییەی لەناوبردنی کڕین و فرۆشتن دەبێتەوە، کاتێک ڕووبەڕووی لەناوبردنی بارودۆخی بۆرژوایی بەرهەمهێنان و لەناوبردنی خودی بۆرژوازی دەبێتەوە، هیچ مانای نامێنێث.

ئێوە، لەوە دەترسن کە ئێمە دەمانەوێ خاوەنداریەتی تایبەتی لەناوبەرین، بەڵام لە کۆمەڵگای حازری ئێوەدا، خاوەنداریەتی تایبەتی هەرئێستا بۆ نۆ لەسەر دەی خەڵک، لەناوچووە. هەبوونیشی، بۆ ئەو جەماعەتە کەمە هەر بەستراوە بە نەمانی خاوەنداریەتیەوە بۆ ئەو نۆ لەسەر دەیە. کەوابێت، ئێوە، لۆمەی ئێمە دەکەن کە دەمانەوێت ئەو خاوەنداریەتییە لەناو بەرین کە شەرتی پێویست بۆ هەبوونی، بریتییە لە نەبوونی هیچ خاوەنداریەتییەک بۆ زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵ. بە کورتی، ئێوە لۆمەی ئێمە دەکەن کە دەمانەوێت خاوەنداریەتی ئێوە لەناوبەرین، ئەرێ راست وایە! ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێمە دەمانەوێت بیکەین.

هەر ئەوەندەی، کار چیدی نەبێتە سەرمایە، پووڵ، یان بەهرەی زەوی نەکرێت ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە دەستبەسەرداگرتن هەڵبگرێت، یانی لەو کاتەوە کە خاوەنداریەتی شەخسی نەکرێت ببێتە خاوەنداریەتی بۆرژوایی، نەکرێتە سەرمایە، دەستبەجێ ئێوە دەڵێن کەسایەتی تاکەکەس لەناوچووە!

کەوایە، ئێوە، دەبێت دانپێدابنێن کە مەبەستتان لە تاکەکەس، جگە لە بۆرژوا، جگە لە مالیکانی چینی سەرمایەدار کەسیتر نییە. ئەم کەسایەتییە، هەر بەڕاستیش دەبێت فڕێ بدرێت و ئاسەواری نەمێنێت.

کۆمۆنیزم، ئیمکانی خاوەنداریەتی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان لە هیچکەس نابڕێت. ئەوەی دەیکات، پێشگرتنە لە بۆرژوازی کە کاری کەسانیتر بەهۆی خاوەنداریەتییەوە داگیر نەکات.

باسی ئەوە کراوە کە بە شوێن لەناوبردنی خاوەنداریەتی تایبەتیدا، چی کار و چی هەڵسوڕانە دادەمرێت و تەمبەڵییەکی گشتی داماندەگرێت. ئەگەر وابوایە کۆمەڵگای بۆرژوایی دەبوا لەمێژە، بەهۆی تەوەزەلی و کارنەکەری یەکجارییەوە هەر ئاسەواری نەمایە. چونکە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵ کە کاردەکەن هیچیان

پێنابڕێت، ئەوانەش کە هەموو شتێکیان هەیە، خۆ کارناکەن. هەموو ئەم ئینکارکردنانە هیچ نییە، جگە لە بەیانێکی تر لە دووپاتکردنەوەی ئەوڕاستییە کە: کاتێک سەرمایە نەما، کاری کرێگرتەش نامێنێت!

هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستی و شێوەی کومۆنیستی خاوەنداریەتی بەرهەمە ماددییەکان گیراوە، هەر بەوشێوەیە، ئاڕاستەی شێوەی بەرهەمهێنان و خاوەنداریەتی بەرهەمە فکرییەکانیش کراوە. چۆن لەناوچوونی خاوەنداریەتی چینایەتی بۆ بۆرژوازی بەمانای لەناوچوونی بەرهەمهێنان خۆیەتی. هەربەوجۆرەش لەناوچوونی فەرهەنگی چینایەتی، لەچاو ئەوانەوە، هەرهەمان لەناوچوونی فەرهەنگە بەگشتی.

ئەو فەرهەنگەی کە ئەو، بۆ نەمانی، فرمیسک هەڵدەوەرێنێت، بۆ زۆربەی زۆری ئەفرادی کۆمەڵ تەنیا فێربوونی ئەوەی ئێدابووە کە وەک مەکینە هەڵسووڕێن!، بەڵام، چیدی دەنگ هەڵمەبڕن و مەبەستی ئێمە بوو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی بۆرژوایی بە پێوانەی بۆرژواییانەی خۆتان لەمەڕ ئـازادی و فەرهەنگ و قانون و شتی وا، هەڵمەسەنگێنن. گەلێک لە بیروڕاکانی ئێوە، هەر لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی بۆرژواییتانەوە و لە خاوەنداریەتی بۆرژواییتانەوە سەری هەڵداوە، هەروەک سیستمی یاساییتان هەر ویست و وەسیەتی چینی خۆتانەو کراوە بە قانون بۆ هەموان؛ ویست و وەسیەتێک کە کاراکتەر و ڕێگاوڕەوتی ئەسڵی بە هەلومەرجی ئابوری هەبوونی چینەکەتان دیاری کراوە.

خەیاڵی خۆپەرستانەیە هەڵتان دەنێت کە شێوەی کۆمەڵایەتی وەشاوە لە شێوەی ئێستای بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەنداریەتی خۆتان، کە خۆی پەیوەندییەکی مێژووییە و بە هەڵدانی بەرهەمهێنان دێت و دەشڕوات، وەکو یاسای هەمیشەیی سروشت و عەقڵ بنوێنن. ئەمە هەر ئێوە نەتان کردووە،

هەموو چینە دەسەڵاتدارەکانی پێش ئێوەش کردوویانە. ئەوەی بەڕوونی سەبارەت بە خاوەندارێتی کۆن ئەیبینن، ئەوەی سەبارەت بە خاوەندارێتی فیۆداڵی دەیسەلمێنن، دیارە سەبارەت بە شێوەی خاوەندارێتی بۆرژوایی خۆتان، ناتوانن بیسەلمێنن.

(سەری دێڕ) با بێینە سەر باسی هەڵوەشاندنەوەی خێزان، تەنانەت هەرە ڕادیکاڵەکانیش، لەم نیازە ناحەزەی کۆمۆنیستەکان تووڕەن!

خێزانی ئێستا، خێزانی بۆرژوازی، لەسەر چ ئەساسێک دامەزراوە؟ لەسەر ئەساسی سەرمایە، لەسەر داهاتی شەخسی. ئەمە، لە شێوەی پڕوپەیمانی خۆیدا، تەنیا لەنێو بۆرژوازیدا هەیە، بەڵام ئەم بارودۆخە، جووتی خۆی لە نەبوونی پراکتیکی خێزان لەنێو پرۆلیتارەکاندا دەبینێتەوە و لە لەشفرۆشی گشتیدا.کاتێک ئەم جووتەی خێزانی بۆرژوازی نەمێنێت دیارە، ئەویش نامێنێت، هەردووکیشیان بە فەوتانی سەرمایە لەناودەچن.

ئایا تاوانبارمان دەکەن کە دەمانەوێت کۆتایی بێنین بە چەوساندنەوەی منداڵان لەلایەن باوک و دایکیانەوە؟ ئێمە دان بەو تاوانەدا دەنێین!، بەڵام ئێوە دەڵێن، ئێمە کاتێک پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی دەکەینە جێنشینی پەروەردەکردنی نێوماڵ، پەیوەندییە هەرە پیرۆزەکان لەناو دەبەین. ئەی پەروەردەکردنی خۆتان چی؟ ئایا ئەویش کۆمەڵایەتی نییە؟ لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نەوەشاوەتەوە کە خۆتان تێیدا ژیاون؟ بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کۆمەڵ نەبووە؟ بەهۆی مەکتەب و شتی واوە نەبووە؟ کۆمۆنیستەکان، دەستێوەردانی کۆمەڵ لە پەروەردەو بارهێنانیان دانەهێناوە، ئەوەی دەیکەن هەر ئەوەندەیە هەوڵدەدەن کاراکتەری ئەو دەستێوەردانە بگۆڕن و پەروەردە و بارهێنان لە دەستێوەردانی چینی دەسەڵاتدار رزگار بکەن.

مفتەوێژی بۆرژوازی سەبارەت بە خێزان و پەروردە و بارهێنان، سەبارەت بە پەیوندی پیرۆزی نێوان دایک و باوک و منداڵ، کاتێک یەکجاری جێگای بێزارییە هەرە زیاترە کە لە سایەی هەڵدانی پیشەسازی مۆدێرندا، چی پێوەندی خێزانی نێو پرۆلیتارەکانە، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر لەبەریەک دەترازێن و منداڵانیان، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر دەبنە کەرەستەی ئاسایی ساتوسەوداو دەبنە ئامێری کارکردن.

ئاخر ئێوەی کۆمۆنیست دەتانەوێت ئیشتراکیەتی ژنان دابێنن! هەموو بۆرژوازی، هاودەنگ، ئەمە هاواریانە. بۆرژوازی ژنی خۆی وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان دەبینێت و بەس. بیستویەتی کە ئامێری بەرهەمهێنان دەبێ هەمووان بەهرەی لێبەرن، دەی دیارە ناتوانێت بە ئاکامێکی تر بگات جگە لەوەی کە هەر ئەو ئیشتراکییەتەی هەموو ئامێرێک، ژنانیش دەگرێتەوە. ناتوانێت تەنانەت بیر لەوەش بکاتەوە کە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ئەو بارودۆخەی سەیرکردنی ژنان، بەس وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان، نەمێنێت.

جگە لەوە، هیچ لە هەراسانبوونی نەجیبانەی بۆرژواکانمان سەبارەت بە ئیشتراکی بوونی ژنان سەیرتر نییە کە دەڵێن گوایە کۆمۆنیستەکان بە ئاشکراو بە ڕەسمی دایدەمەزرێنن. کۆمۆنیستەکان پێویستییان بەوە نییە ئیشتراکی بوونی ژنان بکەنە باو. ئەمە، کەم تا زۆر، لە کۆنەوە هەربووە.

بۆرژواکانمان ئەوەیان بەس نییە کە هاوسەران و کچانی پرۆلیتارەکانیان لەبەردەستدایە، باسی لەشفرۆشە گشتییەکانیشمان نەکردبێت، زیاترین لەزەت لەوە دەبەن کە دەست لەگەڵ هاوسەرانی یەکتر تێکەڵ بکەن.

ژن و مێردایەتی بۆرژوایی، لە ڕاستیدا خۆی سیستمێکی ئێشتراکیەتی هاوسەرانە و هەربۆیەش، ئەوپەڕی لۆمەیەک بتوانن دەرحـەق بە کۆمۆنیستەکان بیکەن ئـەوە دەبێت کە ئیشتراکیەتی شـاراوە لەژێر

لۆمەی توندو ڕیاکارانەدا، بەئاشکراو بەڕەسمی ڕادەگەیەنن. ئاشکرایشە کە لەناوچوونی سیستمی ئێستای بەرهەمهێنان، خۆی، لەناوچوونی ئیشتراکیەتی وەشاوە لەم سیستمەدا، یانی لەناوچوونی لەشفرۆشی گشتی و تایبەتی بەشوێن خۆیدا دێنێت.

دیسان کۆمۆنیستەکان لۆمە دەکەن کە دەیانەوێت نیشتمان و نەتەوایەتی هەڵوەشێننەوە. کارگەران نیشتمانیان نییە. ئێمە ناتوانین شتێکیان لێ بسێنین کە هەر نەیانبووە. ئاخر پرۆلێتاریا، پێش هەمووشتێک، پێویستە بە سەرکردەیی سیاسی بگات، دەبێت خۆی بگەیەنێتە جێگای چینی ڕێبەری نەتەوە، دەبێت خۆی بکاتە داشتیاری نەتەوە، ئەو خۆی هێشتا نەتەوەییە هەرچەند نە بە مانای بۆرژوایی ئەم وشەیە. جیاوازی نەتەوایەتی و دژایەتی نێوان خەڵکەکان، بەهۆی پەرەسەندنی بـۆرژوازی و ئازادی بازرگانی و بازاڕی جیهانی و وێکچوونی شێوەی بەرهەمهێنان بەهۆی تەبا بوونی بارودۆخی ژیانی گشتییەوە، ڕۆژ لەگەل ڕۆژ دەسڕدرێنەوە.

سەرکردەیی پرۆلیتاریا دەبێتەهۆی هەرچی خێراتربوونەوەی ئەم ڕەوتە. هاوخەباتی، لانیکەم لە وڵاتانی جڵەوداری شارسانیەت، یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاری پرۆلیتارىایە.

هەرچەندە چەوساندنەوەی کەس لەلایەن کەسی دیکەوە کۆتایی پێبێت، چەوسانەوەی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەشەوە کۆتایی پێدێت. هەرچەندە دژایەتی نێوان چینەکان لەناو نەتەوەدا لەناوچووبێت دوژمنایەتی نەتەوەیەک دژی نەتەوەیەکی دیکەش دەگاتە کۆتایی.

تۆمەتباری دژی کۆمۆنیزم کە لە ڕوانگەی ئایینی، فەلسەفی، یان بە گشتی، ئیدیۆلۆژیکەوە دەکرێن، شیاوی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینە نین.

ئایا تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە بیروباوەڕی ئینسان، روانگەو بۆچوونەکانی،

بەکورتی بڵێین: شعوری ئینسانی، بەگوێرەی هەرگۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ژیانی ماددیدا، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگۆڕدرێت، زەینێکی تیژی دەوێت؟

مێژووی بیروڕا چی نیشاندەدات، جگە لەوەی کاراکتەری بەرهەمهێنانی فکری، بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنانی ماددی دەگۆڕدرێت؟ بیروڕای زاڵ لە هەر سەردەمێکدا، هەمیشە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدار بووە. کاتێک خەڵک باسی ئەو بیروڕایانە دەکەن کە کاری شۆڕشگێڕانە دەکەنە سەر کۆمەڵ، تەنیا ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کە لەنێو جەرگەی کۆمەڵگای کۆندا، بنچینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایەکی نوێ پێکهاتوون، کە هەڵوەشانی بیروڕای کۆن، شانبەشانی هەڵوەشانی هەلومەرجی کۆنی ژیان و گوزەران دەچێتەپێش.

کاتێک جیهانی کۆن لە سەرەمەرگدا بووە، ئایینی مەسیح بەسەر دینە قەدیمییەکاندا زاڵبوو. کاتێک بیروڕای مەسیحی، لە سەدەی 18دا کەوتە بەر هێرشی بیروڕای راسیۆنالیستی، کۆمەڵگای فیۆداڵی لەگەل بۆرژوازی ئەوکات-شۆڕشگێڕدا شەڕی سەرەمەرگی دەکرد. بیروڕای ئازادی مەزهەبی و سەربەستی ویژدان، ئەنیا نیشانەی زاڵبوونی ململانێی ئازاد بوو لە مەیدانی شعور و زانستدا.

ڕەنگە بڵێن، «بێگومان بیروڕای ئایینی، ڕەوشتی، فەلسەفی و یاسایی، بە گەشە و هەڵدانی مێژوویی ڕوونتر بوونەتەوە، بەڵام ئایین، ئەخلاق، فەلسەفە، زانست، سیاسەت و یاسا، هەمیشە ئەم ئاڵوگۆڕانەیان تێپەڕکردووە و ماونەتەوە».

جگە لەوە، «ڕاستییە هەمیشەیی و نەمرەکان وەک ئازادی و دادوەری و شتی وا لە هەموو قۆناغ و حاڵێکی کۆمەڵدا، وەکو یەکە، بەڵام کۆمۆنیزم، لەجیاتی ئەوەی ئەم ڕاستییە نەمرانە لەسەر ئەساسێکی نوێ دامەزرێنێتەوە

لەناویان دەباتْ. هەموو ئایینەکان و هەموو ئەخلاق لەنێو دەباتْ. بەمجۆرە، بە پێچەوانەو دژ بە هەموو ئەجرەبەیەکی مێژوویی رابردوو دەجوولێنەوە».

ئاماژەی ئەم ئۆمەئبارکردنە بەرەو کوێیە؟ مێژووی هەموو کۆمەڵگاکانی ڕابردوو، لەسەر ئەشەنەکردنی ناتەبایی چینایەئی ساغبووەئەوە، ناتەباییەک کە لە سەردەمی جۆراوجۆردا شکڵ و شێوەی جیاوازی بووە، بەڵام لەهەر شکڵێک و شێوەیەکدا بووبن، ڕاستییەک لە هەموویاندا هاوبەشە، ئەویش چەوسانەوەی بەشێکی کۆمەل بووە لەلایەن بەشێکیئریەوە. بۆیە، سەیر نییە کە شعوری کۆمەڵایەئی چەرخەکانی پێشوو، سەرەڕای هەر جیاوازییەک، لە شکڵ و شێوەو لە بیروڕا گشئییەکانیاندا وەکویەک بووبن، ئەو شکڵ و شێوانەی کە قەتْ بەئەواوی لەناوناچن، بە لەناوچوونی یەکسەرەی دژایەئی چینایەئی نەبێتْ.

شۆڕشی کۆمۆنیسئی، ڕیشەییئرین پچڕانە لە پەیوەندی نەریئی خاوەنداریەئی؛ سەیریش نییە کە لە گەشەی خۆیدا، دەکێشێنە ڕیشەییئرین پچڕان لە بیروڕا نەریئییەکان، بەڵام با واز لە ڕەخنەکانی بۆرژوازی لە کۆمۆنیزم بێنێن.

پێشئر، ڕوونمان کردەوە کە یەکەم هەنگاوی شۆڕشی چینی کرێکار ئەوەیە کە پرۆلیئاریا، هەئا جێگای چینی دەسەڵائدار بەرێنەسەر و کێشەی دیموکراسی بباتەوە. پرۆلیئاریا، دەسەڵائی سیاسی خۆی بۆ دەرکێشانی هەنگاو بەهەنگاوی هەموو سەرمایە لە چنگی بۆرژوازی، بەکاردینێتْ، بۆیە جێکردنەوەی هەموو کەرەسئەی بەرهەمهێنان لەدەسئی دەوڵەتْ، یانی پرۆلیئاریای وەک چینی دەسەڵائدار ڕێکخراودا و بۆ گەشەپێدانی هەرچەندی بکرێتْ خێراتری گشتْ هێزە بەرهەمهێنەرەکان.

هەڵبەتْ لە سەرەتادا، ئەمە ئەنیا بە هێرشکردنە سەر مافەکانی خاوەنداریەئی و هەلومەرجی بەرهەمهێنانی بۆرژوایی دەسئدەداتْ. شێوەی وەها کە لە باری ئابوورییەوە ناڕەسا و لەرزۆک دێنە پێشچاو، بەڵام لە ڕەوتی

بزووتنەوەکەدا ئەم شێوەکارانە دەخەملێن و هێرشی یەک لەدواییەک بۆسەر کۆمەڵگای کۆن، بەشوێن خۆیاندا دێنن کە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی شێوە بەرهەمهێنانی کۆن پێویستن.

دیارە، ئەم ڕێگاچارانە لە وڵاتانی جۆراوجۆر جیاوازییان دەبێ، بەڵام لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەمانەی خوارەوە دەکرێت تاڕادەیەکی زۆر بەگشتی جێبەجێ بکرێت:

1. هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی زەوی و تەرخانکردنی هەموو داهاتی زەویوزار بۆ پێویستییە گشتییەکان.

2. باجێکی قورسی ڕوو لە زیادبوون، یان پلە بە پلە، لە سەر داهات.

3. هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە مافێکی میرات بردن.

4. دەستگرتن بەسەر دارایی هەموو هەڵاتووان و یاخییەکاندا.

5. یەکجێکردنەوەی متمانەی بانکی لە دەستی دەوڵەتدا، بەهۆی بانکێکی نەتەوەییەوە بە سەرمایەی دەوڵەتی و بە مافی قۆرخکردنی تایبەتییەوە.

6. کۆکردنەوەی تەواوی کەرەسەی گواستنەوە و پەیوەندی هاتوچۆ لە دەستی دەوڵەتدا.

7. پەرەدان بە کارخانە و کەرەسەی بەرهەمهێنان کە دەوڵەت خاوەنی بێت، دایەرکردنی زەوییە بەیارەکان و بووژاندنەوەی کێڵگەکان بەگشتی، بە گوێرەی پلانێکی هاوبەش.

8. پابەندکردنی هەموان بە یەکسان، بۆ کارکردن و دامەزراندنی لەشکری پیشەسازی بەتایبەت بۆ کشتوکاڵ.

9. لێکگرێدانی کشتوکاڵ لەگەڵ پیشەسازی مانۆفاکتۆری، سڕینەوەی وردەوردەی جیاوازی نێوان شار و دێ.

10. بەخۆڕایی کردنی پەروەردە بۆ هەموو منداڵان لە مەکتەبە گشتییەکاندا،

نەهیشتنی کارکردنی منداڵان لە کارخانەکان بەمشێوەی ئێستا لێکگرێدانی فێرکردن و بارهێنان لەگەڵ بەرهەمهێنانی پیشەسازی و شتی وا.

کاتێک لە ڕەوتی گەشەو هەڵداندا، جیاوازی چینایەتی لەناو چووبێتو هەموو بەرهەمهێنان لە دەستی کۆمەڵانی بەرینی هەموو نـەتـەوەدا کۆبووبێتەوە، دەسەڵاتی جەماوەر کاراکتەرە سیاسییەکەی لەدەستدەدات. دەسەڵاتی سیاسی، بەمانای پڕ بەپڕی خۆی، تەنیا برییتە لە هێزیڕێکخراوی چینێک، بۆ سەرکوتکردنی چینێکیتر. ئەگەر بارودۆخ، پرۆلێتاریا ناچاردەکا وێڕای خەباتی خۆی دژی بۆرژوازی، خۆی وەکوو چینێک، ڕێکبخات؛ ئەگەر لە ڕێگای شۆڕشەوە خۆی دەکاتە چینی دەسەڵاتدارو بەپێی ئەوەش بارودۆخی کۆنی بەرهەمهێنان ڕامالْدەدات، لەگەل ڕامالْینی ئەو بارودۆخە، هەلومەرجی بوون و مانی ناتەبایی چینایەتی و بەگشتی، هەلومەرجی هەبوونی چینی کۆمەڵایەتی، دەسڕێتەوە و هەربەوەش، دەسەڵات و سەرکردەیی خوی وەکو چینێک، ژێرکەن دەکات.

لەجیاتی کۆمەڵگایکۆنی بـۆرژوازی بە چینەکانییەوە و بە ناتەبایی چینایەتیەوە، کۆمەڵێکمان دەبێت کە تێیدا هەڵدانی ئازادانەی تاکەکەس خۆی مەرجی هەڵدانی ئازادانەی هەموانە.

# ئەدەبیاتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی

**1. سۆسیالیزمی کۆنەپەرستانە**

**ا. سۆسیالیزمی فیئۆدالی**

ئەریستۆکراسییەکانی فەرەنسا و ئینگلیز، بەبۆنەی جێگاوشوێنی مێژووییانەوە، نوسینی ئەوسنامە لـەدژی کۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوایی کەوتبووە ئەستۆیان. لە شۆڕشی حوزەیرانی1830 فەرەنسادا و لە بزووتنەوەی ڕێفۆرمدا لە ئینگلیز، ئەم ئەریستۆکراسییانە سەرییان بۆ ئەم تازەپێداکەوتووە قێزەونە شۆڕکرد. پاش ئەوەش قەت نەیانتوانی باسی خەباتێکی سیاسی ڕاستەقینە بکەن. ڕێگایەک کە بۆیان مابووەوە، تەنیا خەباتێکی ئەدەبی بوو، بەڵام لە ئەدەبیاتیشدا، هاتوهاواری کۆنی دەورانی ژیاندنەوەی پاشایەتی ڕێگای نەمابوو.

ئەریستوکراسی، بۆ هەڵگیرساندنی هاوسۆزی و سیمپاتی بۆ خۆیان، ناچاربوون بەڕواڵەت لایەنی بەرژەوەندی خۆیان بەردەن و دادنامەکەیان دژی بۆرژوازی هەر تەنیا لە بەرژەوەندی چینی چەوساوەی کرێکار فورموولە بکەن. بەمجۆرە، ئەریستۆکراسی بەوە حەقیسەندەوە کە لۆترەوانی بە ئاغای تازەیاندا هەڵبڵێت و بە سرتەش پێشبینی وەیشوومەی نەهات بەگوێیدا بسریوێنێت.

ئاوا، سۆسیالیزمی فێئۆدالّی، نیوەی شین و نیوەی ئەوس، نیوەی نەزیلەی کۆن و نیوەی هەڕەشەی دوارۆژ، سەریهەڵدا کە جارجارەش ڕەخنە ئفتوئاڵ و پڕ هەڵێتوپەڵێتە زەهراوییەکانی، ڕاستەوخۆ کاری لە جەرگی بۆرژوازی دەکرد، بەڵام هەمیشەش بە کردەوە دەبووە گاڵتەجاڕ، ئاخر لە ئاستی تێگەیشتن لە ڕەوتی نوێی مێژوودا یەکجار خەرەفاو بوو.

ئەریستۆکراسی، بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆلای خۆی، توورەکەی سواڵی پرۆلیتاریای وەک ئاڵایەک بەرز دەکردەوە، بەڵام خەڵکی شوێنکەوتوو، هەر ئەوەندەی نیشانی قەدیمی فێئۆدالّییان بەنێوشانەوە دەدەین، بەقاقای گاڵتەو سوکایەتییەوە، لە دەوریان دەڕەوینەوە. بەشێک لە لۆژیتیمیستەکانی فەرەنسا و «ئینگلیزی لاو» ڕوون و ئاشکرا، خەریکی ئەم بەزمەن.

فێئۆدالّەکان کە دەڵێن شێوەی چەوسانەوەی ئەوان فەرقی هەبوو لەگەڵ هی بۆرژوازی، ئەوە لەبیردەبەنەوە کە ئەوان لە ڕۆژگار و لە بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا خەڵکیان دەچەوساندەوە. بارودۆخێک کە ئێستا کۆن بووە و کاتی بەسەرچووە، کە دەڵێن لە کاتی دەسەڵاتی ئەواندا، پرۆلیتاریای مۆدێڕن هەرنەبووە، لەبیری دەبەنەوە کە بۆرژوازی مۆدێڕن هەر لە نیزامە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان کەوتووەتەوە.

لەمانەش بەدەر، ئەوان هێندە کەم کاراکتەری کۆنەپەرستانەی ڕەخنەکەیان دەشارنەوە کە سەرەکیترین تاوانێک کە دەیخەنە لای بۆرژوازی، بریتیە لەوەی کە لە سایەی ڕژێمی بۆرژواییدا، چینێک خەریکە سەرهەڵدەداتە کە سبەینێ ڕیشەو ڕەتەوەی نیزامی کۆمەڵایەتی کۆن دەردێنێت.

ئەوەی ئەوان زیاتر بۆرژوازی لەسەر لۆمەدەکەن، ئەوە نییە کە پرۆلیتاریای دروستکردووە، بەڵکو ئەوەیە کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی پێکهێناوە.

هەربۆیەش، لە کردەوەی سیاسیدا، لە هەموو زەبر و زەنگێکدا دژی پرۆلێتاریا، بەشداریدەکەن و لە ژیانی ئاساییشدا، بەپێچەوانەی هەموو قسەزلەکانیان، بۆ هەڵگرتنەوەوەی سێوە زێڕینەکان کە لە درەختی پیشەسازی هەڵدەوەرێن، دادێنەوەو ئامادەن ڕاستی و ئەڤین و شەرەف لەگەل خوری و چەوەندەر و عەرەقی پەتاتە سەودا بکەن.

چۆن کەشیش، بەردەوام شانبەشانی فێئۆداڵ ڕۆیشتووە، سۆسیالیزمی ئایینیش شانبەشانی سۆسیالیزمی فێئوداڵی دەڕواتْ.

هیچ لەوە ئاسانتر نییە کە ڕەنگی سۆسیالیستی لە ڕیازەتکێشی مەسیحی بدرێتْ. مەگەر ئایینی مەسیح لە دژی خاوەنداریەتی تایبەتی و مارەبڕین و دەوڵەتْ، نەدواوە؟ ئایا لەجیاتی  ئەمانە، چاکەکردن، فەقیری، ژیان بەسەڵتی، کوشتنی نەفس، تەرکی دنیا و کلیساداری مەوعیزە ناکاتْ؟ سۆسیالیزمی مەسیحی هیچ نییە، جگە لە ئاوێکی تەبەڕوک کە کەشیشان کوڵی دڵی ئەریستۆکراسی پێ فێنک دەکەنەوە.

**ب: سۆسیالیزمی وردە - بۆرژوایی**

ئەوە هەر چینی ئەرستۆکراسی فێئۆداڵ نییە کە بۆرژوازی ڕووخاندوویە. تەنیا ئەو نییە کە هەلومەرجی بوون و مانی لە حاڵ و هەوای کۆمەڵگای بۆرژوایی مۆدێرندا لەناوچووە. شارنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاستْ، جوتیارە خاەون زەوییە چکۆلەکان پێشینانی بۆرژوازی مۆدێرن بوون. لەو وڵاتانەی کە جارێ لەباری پیشەسازی و بازرگانییەوە کەم گەشەیان کردووە، ئەم دووچینە هێشتا لە تەنیشتْ بۆرژوازی پەرە ئەستێندا نیوەگیانێکیان هەیە.

لەو وڵاتانەی شارستانیەتی مۆدێرن تەواو پەرەی سەندووە، چینێکی نوێ لە وردەبۆرژوازی پێکهاتووە کە لەنێوان بۆرژوازی و پرۆلێتاریادا سەروخوار دەکاتْ و وەک بەشێکی پاشکۆی کۆمەڵگای بۆرژوایی بەردەوام خۆی دەژیەنێتەوە،

بەڵام کەسانی ئەم چینە بـەردەوام، بەهۆی ململانێوە بەرەونێو پرۆلێتاریا فڕێدەدرێن. هەرچەندی پیشەسازی مۆدێڕن پەرەدەستێنێت، نزیکبوونەوەی ئەو دواڕۆژەش ڕۆشنتر دەبینن کە خۆیان وەکو بەشێکی سەربەخۆی کۆمەڵگای مۆدێڕن هەڵناکەن و لە کارخانە و لە کشتوکاڵ و لە بازرگانیدا، سەرکارگەر و گزیر و دوکاندار جێگایان دەگرنەوە.

لە وڵاتانی وەک فەرەنسا کە جوتیاران زۆر زیاتر لە نیوەی دانیشتوان پێکدێنن، ئاسایی بوو کە نوسەرانێک کە لە ڕەخنەگری خۆیان دژی ڕژێمی بۆرژوازیدا، لایەنی پرۆلێتاریا بەرانبەر بۆرژوازی دەگرن، بۆچوونی جوتیار و وردەبۆرژوا بگرن بە دەستەوە و لەڕوانگەی ئەم چینە ناونجییانەوە بە لایەنگری چینی کرێکار دەست بکەنەوە. بەم چەشنە، سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی سەری هەڵدا. «سیسمۆندی»، نەک هەر لە فەرەنسا، بەڵکو لە ئینگلیزیش، سەرکردەی ئەم قوتابخانەیە.

ئەم قوتابخانەیەی سۆسیالیزم، توانیویەتی زۆر بە وردی و بلیمەتانە لە ناتەباییەکانی نێو بارودۆخی بەرهەمهێنانی مۆدێرن تێبگات. ئەمە، پەردەپۆشی ڕیاکارانەی ئابوریزانەکانی هەڵمالی، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، شوێنەواری ماشینیزم و دابەشکردنی کار و کۆوەبوونی سەرمایە و زەویوزار لەدەستی ژمارەیەکی کەمدا و هەروەها زێدەبایی و قەیرانەکانی ڕوونکردەوە، لەناو چوونی چارەهەڵنەگری وردەبۆرژوازی و جوتیارانی لەهەڵلادا و دەستەنگی و بێهەتوانی پرۆلێتاریا و بێ سەرەوبەرەیی بەرهەمهێنان و نابەرابەری ئاشکرا لە دابەشبوونی سەروەت و سامان و شەڕی پیشەسازیماڵوێرانکەری نێوان نەتەوەکان و فەوتانی سنووری ئەخلاقی کۆن و فەوتانی پەیوەندی خێزانی کۆن و هی نەتەوایەتی کۆنی دەرخست.

بەڵام ئەم شێوەیە لە سۆسیالیزم، لە مەبەستە ئیجابیەکانیدا بەتەمایە، یان کەرەستەی بەرهەمهێنان و بازرگانی کۆن بەرپا بکاتەوە و بەوانەوە، پەیوەندی خاوەنداریەتی کۆن و کۆمەڵگای کۆن بژێنێتەوە، یان کەرەستەی بەرهەمهێنان و بازرگانی مۆدێرنیش، بەزۆر بترنجێنێتە چوارچێوەی پەیوندی خاوەنداریەتی کۆنەوە وەک پێشتریش لەو بازنەیەدا بوو، بەڵام لەبەریەکی ترازاندبوو. لە هەردوو حاڵەتدا، ئەم سۆسیالیزمە کۆنەپەرستانەشە و خەیاڵیشە. قسەی ئاخری ئەم سۆسیالیزمە ئەمەیە: یەکگرتوویی پیشەیی بۆ پیشەسازی و پەیوەندی باوکسالاری بۆ کشتوکاڵ.

سەرئەنجام، کاتێک ڕاستەقینە لاسارە مێژووییەکان هەموو ئاسەوارێکی خوماری و گێژی ئەم خۆفریودانەی سڕییەوە، ئاقیبەتی ئەم سۆسیالیزمە، ژاوەژاوێکی داماوانەی لێکەوتەوە.

## ج. سۆسیالیزمی ئەڵمانیا «ڕاستەقینە»

ئەدەبیاتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی فەرەنسا کە لەژێر زەخت و زۆری بۆرژوازی حاکمدا پێکهاتووە و نیشانە و نوێنگەی خەبات دژی ئەو هێزەیە، کاتێک هێنرایە ئەڵمانیا کە بۆرژوازی، لەو وڵاتە تازە خەریکبوو خەباتی خۆی دژی ملهوڕی فێئۆداڵی دەست پێدەکرد.

فەیلەسوف و نیمچە فەیلەسوفە ئەڵمانییەکان و ئەوانەی ئەهلی زەوق و ئەدەب بوون، بە شەوق و زەوقەوە هاشاوڵیان برد بۆ ئەم ئەدەبییاتە؛ بەس لەبیریانچوو کە کاتێک ئەم نوسراوانە لە فەرەنساوە ڕاگوێزرانە ئەڵمانیا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی فەڕەنسا لەگەڵیان ڕانەگوێزرا! کە ئەم ئەدەبییاتە فەرەنسییە هاتە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیاوە، گرنگی ڕاستەوخۆی کرداری لێ داتەکا و ڕووە ئەدەبییە ڕووتەکەی بۆ مایەوە. وەکچۆن لەچاوی فەیلەسوفە

ئەڵمانییەکانی سەدەی هەژدەدا، داخوازەکانی یەکەم شۆڕشی فەرەنسا، بەس وەک داخوازەکانی «عەقڵی بەکەڵک» بەگشتی، دەینواند؛ ویست و ئیرادەی بۆرژوازی شۆڕشگێڕی فەرەنساش، لەپێش چاوی ئەوان، تەنیا وەک ڕێوڕەسمی ویست و ئیرادەی پەتی، ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ، ویستی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەگشتی، دەینواند.

هەموو کاری پسپۆڕانی ئەڵمانی هاتە سەر ئەوەی کە بیروڕا فەرەنسییە نوێکان، لەگەڵ ویژدانی فەلسەفی دێرینی خۆیان ڕێکبخەن؛ یان باشترە بڵێین شوێنی بیروڕا نوێ فەرەنسییەکان بگرن، بێ ئەوەی دەستیان هەڵگرتبێ لە ڕوانگەێ فەلسەفی خۆیان. ئەم شوێن گرتنەش هەر لەو ڕێگایەوە بوو کە لە زمانێکی بێگانە تێدەگەن، واتا: بە وەرگێڕان.

هەموان دەزانــن چۆن کە شیشان بەسەرهاتی بێمانا سەبارەت بە موقەدەساتی کاسۆلیکیان لەبەر ئەو دەستنووسانە نووسیوەتەوە کە پێشتر بت پەرستانی کۆن، بەسەرهاتە کلاسیکەکانی خۆیان لێنووسیوە.

پسپۆڕانی ئەڵمانی، پێچەوانەی ئەمەیان بەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی دژ بە ئایین هێنا. ئەوان، هاتەران-پاتەرانە فەلسەفییەکانی خۆیان لەژێر ئەسڵە فەرەنسییەکەدا نووسی. بۆ نموونە، لەژێر ڕەخنەگری فەرەنسی، سەبارەت بە کارکردی ئابوری پووڵدا نووسیان: «بەخۆ نامۆبوونی مرۆڤایەتی»، لەژێر رەخنەی فەرەنسی سەبارەت بە دەوڵەتی بۆرژواییشدا نووسیان: «لە دەسەڵات خستنی کاراکتەری گشتی» و شتی لەم چەشنە.

داهێنانی ئەمجۆرە دەستەواژە فەلسەفیانەشیان کە دەیانخستە پشتی ئەو ڕەخنەگرییە مێژووییە فەرەنسییانەوە، ناودەنا «فەلسەفەی کردار»، «سۆسیالیزمی ڕاستەقینە»، «زانستی ئەڵمانیایی سۆسیالیزم»، «بناغەی فەلسەفی سۆسیالیزم» و شتی لەم بابەتە. بەمجۆرە، ئەدەبی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی

فەرەنسی بەتەواوی نەزۆک کرا، چونکە ئەمەش لە دەستی ئەڵمانییەکاندا وەک نیشانەی خەباتی چینێک دژی چینێکیتر نەمابوو، دڵخۆشی خۆیان دەدایەوە کە گوایە کەوتوونە سەرووی «یەکلایەنەبوونی فەرەنسی»یەوە و باسی پێویستییە ڕاستەقینەکان ناکەن،بەڵکو باسی پێویستبوونی ڕاستەقینە دەکەن. باسی بەرژەوەندی پرۆلیتاریا ناکەن، بەڵکو باسی بەرژەوەندی سروشتی مرۆڤ دەکەن، هی مرۆڤ بەگشتی کە پەیوەندی بە هیچ چینێکەوە نییە، بوونی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا لە خەون و خەیاڵی فەلسەفی تەماویدا بوونی هەیە.

ئەم سۆسیالیزمە ئەڵمانییە کە مەشقە منداڵانەکانی ئاوا جددی و بەئیمانەوە دەنووسیەوە و ئاوا گەرموگوڕ بازاڕگەرمی دەکرد بۆ وردەواڵە بێقیمەتەکانی خۆی، وردەوردە، ساویلکەیی بەڕواڵەت-زانایانەی خۆی لەدەستدا.

خەباتی بۆرژوازی ئەڵمانیا، بەتایبەت هی پروس، دژی ئەریستۆکراسی فێئۆداڵی و پاشایەتی ملهوڕ، یان بڵێین بزووتنەوەی لیبراڵ، هەتادەهات، پتەوتر دەبوو.

بەمجۆرە، فرسەتێکی لەمێژە چاوەڕوانکراو کەوتە دەستی سۆسیالیزمی «ڕاستەقینە» کە بە داخوازە سۆسیالیستییەکانیەوە بچێتە کەوانی بزووتنەوەی سیاسی و تێروپڕ لەعنەت ببارێنێت بەسەر لیبرالیزمدا؛ بەسەر دەوڵەتی هەڵبژێردراودا، بەسەر ململانێی بۆرژواییدا، بەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆرژواییدا بەسەر یاسای بۆرژوایی و ئازادی و بەرابەری بۆرژواییدا و هەلیشی دەستکەوت کە مەوعیزە بۆ جەماوەر بکات کە هیچیان لەم بزووتنەوە بۆرژواییە دەست ناکەوێت و هەموو شتێکیان لەدەست دەچێت. سۆسیالیزمی ئەڵمانی ڕێک لەو سەردەمەدا، ئەوەی لەبیرچوو کە ڕەخنەگری فەرەنسی ئەم خۆی دەنگدانەوەی گەوجانەی ئەو بوو، کۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوایی لەبەرچاو بووە بە بارودۆخی گونجاوی ئابوری ژیان و بونیادی سیاسی و گونجاو لەگەڵ-

خۆیەوەو بە گەلێک شتی دیکەوە کە بەدەست هێنانیان لە ئەڵمانیا، جارێ مەتڵەب و داخوازی خەبات بوو.

ئەم «سۆسیالیزمە» بوو بە داوەڵێک لە خزمەتی دەوڵەتە ملهوڕەکاندا بە دەست و پێوەندەکانیانەوە وەک کەشیشەکان، پرۆفیسۆرەکان، موڵکدارەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی، دژبە بۆرژوازی هەڕەشەکەر. ئەم سۆسیالیزمە، شیرینی پاش تاڵی ئەو شەلاخانە و پاش شریخەی ئەو گوللانە بوو کە هەر هەمان دەوڵەتان، هەرلە هەمانکاتدا، ڕاپەڕینی چینی کرێکاریی ئەڵمانیایان پێ سەرکوت دەکرد.

ئەم سۆسیالیزمە «ڕاستەقینە»یە کە ئاوا خزمەتی بە دەوڵەتان دەکرد و وەک چەکێک، لە دژی بۆرژوازی ئەڵمانیا بەکاردەبرا، لە هەمانکاتدا ڕاستەوخۆ، نوێنەرایەتی بەرژوەندییەکی کۆنەپەرستانەی دەکرد: بەرژەوەندی وردەبۆرژوازی بەرچاوتەنگی ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا؛ چینی وردەبۆرژوازی پاشماوەی سەدەی شانزدە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستاش بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەداتەوە، پایەی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی ڕاوەستانی نیزامەکەیە.

پاراستنی ئەم چینە بە مانای پاراستنی نیزامی دەسەڵاتداری ئەڵمانیایە. سەرکردەیی بۆرژوازی، لە پیشەسازی و لە سیاسەتدا لە بارێکەوە بە کۆماکردنی سەرمایە و لەو بارەکەشەوە بە گەشەکردنی پرۆلێتاریایەکی شۆڕشگێڕ، هەڕەشەی فەوتانی بێگومان لە وردەبۆرژوازی دەکات. سۆسیالیزمی «ڕاستەقینە» هات کە ئەم دوو چۆلەکەیە بە یەک بەرد بکوژێت، بۆیە وەک پەتایەک بڵاوبووەوە.

ئەم باڵاپۆشەی بە تاڵی خەیاڵی جاڵجاڵۆکە چندراوە و بە گوڵی تەقەڵدرووی قسەزانی گوڵدۆزی کرابوو بە ئاونگی هەستی نەرموناسک شۆڕابووەوە، ئەم عەبا عارفانەیە کە سۆسیالیستە ئەڵمانییەکان «ڕاستییە نەمرە» (بێقابیلیەتەی) خۆیانیان تێوەپێچابوو، سەروبەر خزمەتی بە ڕەواج و ڕەونەقی کاڵاکانیان، لەناو

ئەم جەماعەتەدا دەکرد. سۆسیالیزمی ئەڵمانی، بەشبەحاڵی خۆیشی، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر هەستی بە ڕاسپاردەی خۆی کردووە: ڕاسپاردەی نوێنەرایەتی پڕهاتْ و هاواری وردەبۆرژوازی بەرچاوتەنگ.

ئەم سۆسیالیزمە، نەتەوەی ئەڵمانیای بە نەتەوەی نموونە ڕاگەیاند و وردە بەرچاوتەنگی ئەڵمانی بە نموونەی مرۆڤ. مەعنایەکی سۆسیالیستی بەرز و نهێنیشی بەخشی بە بەدڕەسەنی و پەستی ئەم ئینسانە نموونەییە؛ تەواو بە پێچەوانەی کاراکتەرە ڕاستەقینەکەی. لەم ڕێبازەشدا ملی پێوەنا و هەتا لەجاڕدانی دژایەتی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شێوەی «بێبەزەییانە و تێکدەری» کۆمۆنیزم؛ هەتا لەجاڕدانی سووکایەتی لووتْ بەرزانە و بێلایەن دەرحەق بە هەموو کێشەیەکی چینایەتی، چووە پێش. مەگەر بە دەگمەن، دەنا هەموو ئەو بڵاوکراوە بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییانەی ئێستا (1848) لە ئەڵمانیا بڵاودەبنەوە لە سایەی ئەم ئەدەبە چەپەڵ و قێزەونەدایە.

**2. سۆسیالیزمی کۆنسرڤاتیڤ، یان بۆرژوایی**

بەشێک لە بـۆرژوازی هەوڵدەداتْ مەینەتەکانی کۆمەڵ، بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگای بۆرژوایی، چارەسەر بکاتْ. ئەم بەشە، ئابوری زانان، خێرخوازان، مرۆڤدۆستان، چاکسازانی بارودۆخی چینی کرێکار، ئەوانەی پێکهاتی خێروسەدەقە بەڕێوەدەبەن، ئەندامانی کۆمەڵەی پاراستنی ئاژەڵ، قەناعەتچیانی کۆنەپەرستْ و وردە ئیسلاح خوازانی ڕەنگاوڕەنگ دەگرێتەوە. ئەم شێوەیە لە سۆسیالیزم، ئیتر یەکجاری کراوەتە سیستمی تەواو کەماڵ.

دەکرێتْ کتێبەکەی پرۆدۆن بە ناوی فەلسەفەی فەقر، وەکوو نموونەیەک لەم شێوەیە بێنینەوە.

ئەم سۆسیالیسمە بۆرژواییە هەموو دەسکەوتەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە

مۆدێرنەکانیان دەوێ بەبێ ئەو کێشە و مەترسییانەی، بەناچار، لەم پەیوەندییانە دەوەشێنەوە. ئەوان خوازیاری مانەوەی وەزعی ئێستای کۆمەڵن بەبێ بنەما شۆڕشگێڕ و تێکدەرەکانی. ئەوان بۆرژوازییەکیان دەوێ بەبێ پرۆلێتاریا. لای بۆرژوازی، دیارە، ئەو دنیایە کە خۆی تێیدا سەروەرە، باشترین دنیایە. سۆسیالیزمی بۆرژواییش ئەم خەیاڵپڵاوە دەکاتە سیستمی جۆراوجۆری کەم تا زۆر تەواوو. کاتێکیش داوا لە پرۆلێتاریا دەکات کە سیستمێکی وا بەدیبێنێ و بەوجۆرە، بە شەقامە ڕێدا هەتا بەهەشتی کۆمەڵایەتی بڕوا، لە ڕاستیدا، هەر داوای ئەوە دەکات کە پرۆڵیتاریا لە کۆتوبەندی کۆمەڵگای ئێستادا بمێنێتەوە، بەڵام هەرچی ڕق و بێزارییەتی سەبارەت بە بۆرژوازی، فڕێ بدات.

جۆرێکی دووەم و زیاتر کردەوەیی، بەڵام کەمتر سیستماتیک لەم سۆسیالیزمە، تێکۆشاوە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەپێشچاوی چینی کرێکار بخات و بلێت نەک ئاڵوگۆڕی سیاسی، بەڵکو تەنیا ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی ماددی ژیاندا، لە بارودۆخی ئابوریدا دەتوانێت کە لەبەرێکی پرۆلێتاریا بگرێت. مەبەستی ئەم جۆرە سۆسیالیزمە لە گۆڕانی بارودۆخی ماددی ژیانیش، قەت لەناوبردنی پەیوەندییە بۆرژواییەکانی بەرهەمهێنانی لێناوەشێنەوە، ئەمە تەنیا لە ئاکامی شۆڕشێکدا دێتەدی. ئەومەبەستی هەندێک ڕیفۆرمی ئیدارییە لەسەر ئەساسی مانەوەی ئەم پەیوەندییانەی ئێستا، ڕیفۆرمی وا کە لە هیچ بارێکەوە کارناکاتە سەر پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار، بەڵکو لە باشترین حاڵەتیدا، دەبێتە هۆی کەم خەرجبوون و ئاسانبوونەوەی کاروباری ئیداری دەسەڵاتی بۆرژوایی.

سۆسیالیزمی بۆرژوایی، کاتێک و تەنیا ئەوکاتە، بەڕاشکاوی خۆی دەردەخات کە وەک تەوس باسی لێبکرێت:

بازرگانی ئـازاد لە بەرژەوەندی چینی کرێکار، پاراستنی گومرکی لە بەرژەوەندی چینی کرێکار، چاکسازی زیندان لە بەرژەوەندی چینی کرێکار. ئاوایە قسەی ئاخر و تەنیا قسەی دڵی سۆسیالیزمی بۆرژوایی.کۆی بکەیتەوە دەبێتە ئەم کورتەقسەیە: بۆرژوا، بۆرژوایە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار.

### 3. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی خەیاڵی ڕەخنەگر

ئێمە، لێرەدا قسەمان لەو ئەدەبیاتە نییە کە لە هەموو شۆڕشە مۆدێڕنە گەورەکاندا، دەنگدانەوەی داخوزی پرۆلێتاریا بوون (وەک نووسراوەکانی «بابۆف» و ئەوانیتر).

یەکەمین کۆششی ڕاستەوخۆی پرۆلێتاریا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە چینایەتییەکانی خۆی، لە سەردەمی ئەو جۆشوخرۆشە گشتییەدا ڕوویدا کە کۆمەڵگای فێئۆدالی دەڕوخێنرا. بەناچاریش تێکدەشکان، چ بە بۆنەی گەشە نەکردوویی ئەوکاتی پرۆلێتاریاوە، چ لەبەر نەبوونی بارودۆخی ئابوری ڕزگاری پرۆلیتاریا؛ بارودۆخێک کە جارێ خەریکی هاتنەبوون بوو. ئەم بارودۆخە، تەنها دەیتوانی لە سەردەمی بۆرژوازی حازریدا پیکبێت. ئەو ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕانەیە کە لەگەل ئەم یەکەم بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بەدیهات بە ناچاری، کاراکتەرێکی کۆنەپەرستانەی دەبـوو. ئەو ئەدەبیاتە، مەوعیزەی ریازەتکێشی گشتی و بەرابەرییەکی کۆمەڵایەتی کاڵ و خاوی دەکرد.

ناوەرۆکی ئەو سیستمە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییە کە «سان سیمۆن» و «فوریە» و «ئۆئێن» و کەسانیتر باسیان دەکرد، لە سەردەمی سەرەتای گەشە نەکردووی خەباتی پرۆلێتاریا دژی بۆرژوازیدا سەریان هەڵدا کە پێشتر باسمانکرد. بڕوانە بەشی یەکەم (بۆرژواکان و پرۆلێتارەکان). دامەزرێنەرانی ئەم سیستمانە، لە ڕاستیدا، دژایەتی چینایەتی دەبینن، هەروەک کارتێکردنی بنەما تێکدەرەکانی نێو نیزامی زاڵ بەسەر کۆمەڵیشدا دەبینن، بەڵام پرۆلیتاریا

که ئەوکاتێ هێشتا ساوایە وەک چینێک دێنە پێشچاویان کە نە لێهاتووییەکی مێژوویی هەیە و نە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی.

چونکە پەرەسەندنی دژایەتی چینایەتی، پێبەپێی هەڵدانی پیشەسازی هەنگاو دەنێت، بارودۆخی ئابوری ئەو کاتەی ئەوان هێشتا لەبابەت هەلومەرجی ماددی ڕزگاری پرۆلێتارياوە هیچیان بۆ دەرناخات. هەربۆیەش ئەوان، بەشوێن زانستێکی کۆمەڵایەتی نوێ، بەشوێن یاسایەکی کۆمەڵایەتی تازەدا دەگەڕان کە ئەو هەلومەرجە بخوڵقێنێت.

وەک بڵێی، دەستپێشکەری تایبەتی ئەوان، جێگای کارکردی مێژوویی بگرێتەوە و خەون و خەیاڵ، بنیشێتە جێگای هەلومەرجی مێژوو کردی ڕزگاری. وەک بڵێی ڕێکخراوبوونی وردەوردە و خۆڕسکی پرۆلێتاريا، جێگای خۆی بدات بە ڕێکخرانێکی کۆمەڵگا کە ئەم بلیمەتانە، بە تایبەتی دایان هێناوە. بەبڕوای ئەوان، مێژووی دواڕۆژی جیهان لە پڕوپاگەندای خۆیاندا و لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتییاندا، خۆی دەردەخات.

لە داڕشتنی بەرنامەکانیاندا، ئاگاداری ئەوە هەن کە زیاترین داکۆکی لەبەرژەوەندی چینی کرێکار، وەکو بەشمەینەتترین چین بکەن. لەڕوانگەی ئەوانەوە، پرۆلێتاريا هەر تەنیا وەک بەشمەینەتترین چین دەناسرێت.

گەشە نەکردوویی خەباتی چینایەتی، هەروەها جێوشوێنی چینایەتی خۆیان، کێشایە ئەوەی کە خۆیان زۆر بەرزتر لە هەموو ناتەباییەکی چینایەتی دەزانن. ئەوان دەیانەوێت بارودۆخی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ باشتر بکەن، تەنانەت ئەوانەی وەزعیان زۆرباشە! بۆیە، ئەوان بەعادەت، ڕووی قسەیان لە سەرتاپای کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی چینایەتی، تەنانەت بە مایە دانانێکەوە بۆ چینی دەسەڵاتدار. دەڵێن ئاخر خەڵکێک کە جارێک سەر لە سیستەمەکەیان دەربێنن، چۆن نابینن کە ئەوە باشترین پلانی گونجاوە بۆ کۆمەڵگا؟!

بۆیە، ئەوان لە دژی هەموو چالاکیەکی سیاسی، بەتایبەت دژی چالاکی شۆڕشگێڕانەن، دەیانەوێت ئامانجەکانیان بە شێوەی هێمنانە بێننەدی، شتێک کە لە خۆیدا مەحکوم بە شکستە. تێدەکۆشن پشت بە نموونە و مۆدێل ببەستن کە ڕێگا بۆ ئەم ئینجیلە کۆمەڵایەتییە نوێ بابەتەیان خۆش بکەن.

ئەمجۆرە دیمەنە خەیاڵییانە لە کۆمەڵگای دواڕۆژ، لە سەردەمێکدا کێشراونەتەوە کە پرۆلێتاریا هێشتا یەکجار ساوایە و تەنیا بە شێوەیەکی خەیاڵی سەیری جێگەوپێگەی خۆی دەکات. ئەویش هەر ڕەنگدانەوەی ئامەزرۆییە سەرەتایی و غەریزییەکانی ئەم چینەیە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆمەڵ؛ بەڵام ئەم بڵاوکراوە «سۆسیالیستی» و «کۆمۆنیستی»یانە، تۆوی ڕەخنەگریشیان تێدایە.

ئەوانە هێرش دەکەنە سەر هەموو بنەمایەکی کۆمەڵگای ئێستا. بەم بۆنەوە، پڕن لە بەنرخترین ماتریاڵ بۆ وشیاربوونەوەی چینی کرێکار. ئەو هەنگاوە عەمەلییانە کە لە تیۆرییەکانی ئەواندا باسکراوە وەکو: سڕینەوەی جیاوازی نێوان شارو لادێ؛ سڕینەوەی خانەوادە؛ پیشەسازی لە قازانجی تایبەتی کەسان نەگەڕێت و سیستمی کرێگرتەیی هەڵبوەشێت، بانگەواز بۆ هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی کارکردی دەوڵەت کە زیاتر، چاودێری بەرهەمهێنان بکات.

ئەم بۆچوونانە هەموو، ڕوویان لە سڕینەوەی ناتەبایيە چینایەتییەکانە کە لەو سەردەمەدا تازە خەریکبوون سەریان هەڵدەدا و لەم بڵاوکراوانەدا، تەنیا لە شێوەی هەرە سەرەتایی و نامۆی خۆیاندا بەرچاو دەکەوتن. هەربۆیەش ئەم بۆچوونانە کاراکتەری خەیاڵی ڕووتیان هەیە.

هەرچی مێژوو گەشە دەکات، گرنگی «سۆسیالیسم» و «کۆمۆنیزم»ی ڕەخنەگر-خەیاڵی، کەم دەکات. هەر بەوپێیە کە خەباتی چینایەتی مۆدێرن

پەرەدەستێنێت و شکڵوشێوەی ڕۆشنتر پەیدا دەکات، ئەم خۆجیاکردنەوە خەیاڵییە لە کێشەکە و ئەم هێرشە خەیاڵییانە بۆ سەر خەبات، هەموو بایەخی پراکتیکی و هۆی تیۆریکی خۆی لەدەستدەدات.

هەربۆیەش، هەرچەندە دامەرزێنەرانی ئەم سیستەمانە لە گەلێک ڕووەوە شۆڕشگێڕ بوون، شاگردەکانیان، لەهەر کێشەیەکدا بێت، هەر تاقم و فیرقەی کۆنەپەرست پێکدێنن.

ئەوانە، بەپێچەوانەی هەڵدانی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویی پرۆلێتاریا، هەروا نووساون بە تیۆریەکانی مامۆستاکانیانەوە. هەربۆیەش، ئاوا گەرموگوڕ هەوڵدەدەن خەباتی چینایەتی دامرێننەوە و ناتەباییە چینایەتییەکان ئاشت بکەنەوە. ئەوان هێشتاش بەتەمان بە تەجرەبەکردنی مۆدێلەکانیان، خەونە کۆمەڵایەتییەکانیان بەدی بێنن و فالانستێری بەتاک کەوتوو وکۆلۆنی خۆماڵی و ئیکاری بچکۆلە کە چاپی بەرباخەڵی بەهەشتە تازەکەیە، دامەزرێنن. بۆ سازکردنی ئەم کۆشکە هەوایییانەش، ناچارن ڕووبکەنە دڵناسکی و کیسەی خێرومەندانی بۆرژوا. ئەمانە، وردەوردە بەرەو ڕیزی سۆسیالیستە کۆنەپەرستە کۆنسەرڤەتیڤەکان کە پێشتر باسمانکردن، دەخزێنە خوارەوە. فەرقیان تەنیا لەوەدایە کە سیستماتیکتر وەسواسن و باوەڕێکی کوێرانە و خورافە پەرستانەیان هەیە بە توانا یەکجار زۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکەیان.

هەربۆیەش، بەرامبەر بە هەر کردەوەیەکی سیاسی کرێکاران، بە توندی ڕادەوەستن. ئەو کردەوانە بە بڕوای ئەوان، تەنیا لە بێباوەڕی کوێرانە بە ئینجیلەکەی ئەوان دەوەشێنەوە.

لایەنگرانی «ئۆئێن» لە ئینگلیز، دژی چارتیستەکان و لایەنگرانی «فوریە» لە فەڕەنسا، دژی ڕێفۆرمیستەکان ڕاساون.

## IV

# هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە ئاست حزبە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ئێستا

لە بەشی دووەمدا، پێوەندی کۆمۆنیستەکان لەگەل حزبەکانی ئێستای چینی کرێکار، وەک چارتیستەکان لە ئینگلیز و لایەنگرانی ئیسڵاحاتی ئەرزی لە ئەمەریکا، ڕوونکرایەوە.

کۆمۆنیستەکان، بۆ دابینکردنی ئامانجە نزیکەکانیان، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئێستای چینی کرێکار خەبات دەکەن، بەڵام لە ڕەوتی ئێستای بزووتنەوەکەدا، وریایی و چاودێری داوڕۆژی بزووتنەوەکەش دەکەن. لە فەرەنسا، کۆمۆنیستەکان لەگەل سۆسیال دیموکراتەکان دژی بۆرژوا کۆنسەرڤاتیڤ و ڕادیکاڵەکان یەکیانگرتووە، بێ ئەوەی دەستبەرداری مافی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ئەو قۆناغانە و ئەو وەهم و خەیاڵانەی کە لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە هاتوون، ببن.

لە سویسرا،کۆمۆنیستەکان پشتی ڕادیکاڵەکانیان گرتووە، بێئەوەی چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکەن کە ئەم حزبە لە چەند بنەمای دژبەیەک پێکهاتووە، بەشێکیان لە سۆسیالیستە دیموکراتەکانن لە چەشنی فەڕەنسا، بەشێکیشیان لە بۆرژوا-

رادیکاڵەکانن.

لە پۆڵەندا، کۆمۆنیستەکان لەو حزبە پشتیوانی دەکەن کە شۆڕشی زەویوزار بە پێشمەرجی ڕزگاری نەتەوەیی دەزانن، هەر ئەو حزبەی کە شۆڕشی 1846ی «کراکۆ»ی بەرپاکرد.

لەئەڵمانیا، کۆمۆنیستەکان وێڕای بۆرژوازی، مادام ئەو لەدژی پاشایەتی ملهوڕ و مالیکییەتی زەوی فیئۆداڵی و وردەبـــۆرژوازی، بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەستابێ، خەبات دەکەن. بەڵام کۆمۆنیستەکان، تەنیا تاوێکیش، لەوە هەدانادەن کە بەڕوونترین شێوەش، ناتەبایی دوژمنکارانەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بە چینی کرێکار بناسێنن، تا کرێکارانی ئەڵمانیا بتوانن دەستبەجێ لە هەر هەلودەرفەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بۆرژوازی بەبێ ویستی خۆی، لەگەڵ دەسەڵاتەکەی دەیهێنێت، وەکو چەکێک لە دژی بۆرژوازی کەڵک وەرگرن. بۆ ئەم مەبەستەش، پاش ڕووخانی چینە کۆنەپەرستەکان لە ئەڵمانیا، دەبێت دەستبەجێ خەبات دژی خودی بۆرژوازی، دەستپێبکات.

کۆمۆنیستەکان، سەرنجی تایبەتی خۆیان، بڕیوەتە ئەڵمانیا، چونکە ئەو وڵاتە لە ئاسانەی شۆڕشێکی بۆرژواییدایە کە خەریکە لە هەلومەرجێکی زۆر پێشکەوتووتری شارستانیەتی ئەوروپاییدا و بە پرۆلیتاریایەکی زۆر باڵاکردووتر، لەچاو هی ئینگلیزی سەدەی حەڤدە و هی فەڕەنسای سەدەی هەژدە، پێکدێت. لەبەر ئەوەش کە شۆڕشی بۆرژوازی لە ئەڵمانیا، تەنیا دەتوانێت سەرەتای شۆڕشێکی خێرا بەشوێندا هاتووی پرۆلیتاری بێت.

بـە کـورتـی: کۆمۆنیستەکان لـە هـەرکـوێ بـن، پشتیوانی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەن لە دژی نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسی حازر. لە هەموو ئەم بزووتنەوانەدا، کۆمۆنیستەکان مەسەلەی خاوەنداریەتی، بێ ڕەچاوکردنی ڕادەی پەرەگرتوویەکەی، وەکو مەسەلەی سەرەکی دەکێشنەپێش.

له کۆتاییشدا، کۆمۆنیستەکان لە هەموو لایەک بۆیەکگرتوویی و پێکهاتنی حزبە دیموکراتیکەکانی هەموو وڵاتان تێدەکۆشن.

بۆ کۆمۆنیستەکان شەرمە بۆچوون و ئامانجی خۆیان بشارنەوە. ئەوان، ڕوون و ڕاشکاو ڕایدەگەیەنن کە ئامانجەکانیان تەنیا بە ڕووخاندنی بەزۆری سەرتاپای بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێستا، دەکرێت بەدیبێت. با چینە چەوسێنەرەکان، بەرامبەر بە شۆڕشی کۆمۆنیستی سەرتاپایان بێتە لەرزین! کرێکاران، لەم ناوەدا جگە لە زنجیرەکانیان هیچ لەدەست نادەن، بەڵام جیهانێک بەدەستدێنن.

کرێکارانی جیهان،یەکگرن!

## رۆژمێری روداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقراط لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تاڵانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| سالّ | زانیاری |
| --- | --- |
| 529 | داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. |
| ناوەندی سەدەی 13 | تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. |
| 1453 | روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. |
| 1492 | کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. |
| 1543 | کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. |
| 1633 | کلێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. |
| 1641 | دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. |
| 1677 | مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشنەکان) دەرەخسێنێت. |
| 1687 | نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. |
| 1689 | لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. |
| 1710 | بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. |
| 1716 | مردنی لایبنز. |

| سالْ | زانیاری |
|---|---|
| 1739 | هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. |
| 1781 | کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| 1807 | هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی ئیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. |
| 1818 | شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی ئیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. |
| 1889 | کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. |
| 1921 | وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. |
| دەیەی 1920 | بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. |
| 1943 | سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەڕێدەخات. |
| 1953 | بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | | شۆرش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | | عوسمان حەمە رەشید | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |